

# وردبوونەوە لە وردبینیەکەی دیلۆیت

## لێکۆڵینەوەی گرفتەکانی داهاتی نەوت لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت

٣ چارەگی ساڵی ٢٠٢٠


لێکۆڵینەوە و نووسینی

فریا کاڵێ      یادگار سدیق گەڵاڵی



STOP
Organization for Monitoring
and development

ROONBEEN
for Petroleum Transparency

# وردبوونەوە

# لە وردبینیەکەی دیلۆیت!

**لێکۆڵینەوەی گرفتەکانی داهاتی نەوت لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت**

**٣ چارەکی ساڵی ٢٠٢٠**


لێکۆڵینەوە و نووسینی

**یادگار سدیق گەڵاڵی** **فریا کاڵێ**

**ناوی راپۆرت:** وردبوونەوە لە وردبینیەکەی دیلۆیت! لێکۆڵینەوەی گرفتەکانی داهاتی نەوت لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت ٣ چارەکی ساڵی ٢٠٢٠

**لێکۆڵینەوەو نووسینی :** یادگار سدیق گەلاڵی و فریا کاڵێ

**ساڵی چاپ:** شوباتی ٢٠٢١

**شوێنی چاپ:** چاپخانەی کامبرج - هەولێر

## بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ستۆپ و ڕێکخراوی روونبین

مافی ئەم لێکۆڵینەوەیە پارێزراوە بۆ نووسەرەکانی

لەکاتی سوودوبینین لە ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستە ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدرێت

**له روانگەی باوڕبوونمان بەوەی دەست خستنی زانیاری مافی هەموانە، هەروەها وەکو لێکۆڵەر لەبواری بەڕیوەبردنی نەوت گاز و کارکردنمان لەسەر  شەفافییەت و ڕوونی ئەم لێکۆڵینەوە کراوە.**

## ئامانجمان بە دوو ئاراستەیە؛

- **یەکەم:** ڕای گشتی و هاوڵاتی تاوەکو لەرێیەوە هەموان بتوانین ببین بە چاودێر بەسەر ئەدای کارەکانی حکومەتەوە.
- **دووەم:** حکومەت و داموو دەزگاکانە تاوکو لەڕیی دەستنیشانکردنی هەندێ لەکێشەکان بتوانرێت  چارەسەر بکرێن.

# ناوەڕۆک

پێشەکی ........ 6
ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە ........ 7
ووردبینی چییە؟ ........ 7
گرنگی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت و حکومەت ........ 7
سیستەمی دارایی نەوت بە کورتی ........ 8
گرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەرهەم ........ 8
پاداشتی ئیمزاکردن: ........ 9
پاداشتی بنیاد نانی تواناکان: ........ 9
پاداشتی بەرهەم هێنان: ........ 9
دابەشکردنی پشکەکان ........ 9
١ -مۆڵکانە ........ 10
٢ -دانەوەی خەرجی کۆمپانیاکان ........ 10
٣ -دابەش کردنی قازانج ........ 11
٤ -باج ........ 13
ڕاپۆرتی هەشتەمی دیلۆیت ........ 14
شیکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت ........ 16
**چارەکی یەکەم ........ 17**
١ی کانوونی دووەم ٢٠٢٠ تاکو ٣١ی ئازار ٢٠٢٠ ........ 17
جیاوازی تێکڕای نرخی نەوت ........ 18
یەکەم: کۆی فرۆشی نەوتی هەرێم ........ 18
دووەم: گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان ........ 19
سێهەم: سوود و ڕسووماتی دیکە ........ 19
نرخی نەوت لەسەر چ بنەمایەک دیاری دەکرێت؟ ........ 19
چوارەم: شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت ........ 20
داهات و شایستەی مانگی ئازار ........ 20
پێنجەم: کرێی تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی و کرێی بۆری هەرێم : ........ 21
شەشەم: دانەوەی قەرز ........ 22

حەوتەم : خەرجی لایەنی سێیەم ........ 22
ئاستی بەرهەمی ڕۆژانە ........ 23
**چارەگی دووەم ........ 25**
١ی نیسان ٢٠٢٠ تاکو ٣٠ حوزەیران ٢٠٢٠ ........ 25
جەنگی نرخەکان و کەمبونەوەی داهاتی نەوت ........ 26
ڕوونکرنەوەی ڕێڕەوی دارایی ........ 27
گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان ........ 27
پارەی دراوی پێشەکی دوورخایەن ........ 27
شایستەی کۆمپانیاکانی نەوت ........ 27
کرێی گواستنەوە لەڕێی بۆرییەوە ........ 28
پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) ........ 28
بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان (KPC ): ........ 28
**چارەکی سێهەم ........ 30**
١ ی تەمموزی ٢٠٢٠ تاکو ٣٠ ی ئەیلولی ٢٠٢٠ ........ 30
چارەکی سێهەم ........ 31
کرۆکی کێشەکان ........ 33
داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێی بەغداوە ........ 38
ڕادەستکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بە سۆمۆ ........ 38
ڕادەستکردنی هەموو نەوتی هەرێم بە سۆمۆ ........ 41
سەرچاوەکان ........ 43
پاشکۆکان ........ 46

# پێشەکی

کاتێک نەوت و داهاتەکەی، بەشێوەیەکی دروست و شەفاف مامەڵەی لەگەڵبکرێت، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و زیندووی ئابووری هەر وڵاتێک. هەرێمی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا بەشێوەیەکی زۆر پشتی بەداهاتی نەوت بەستوە، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات بۆ بەڕیوەبردنی هەرێم. هاوکات لە چەند ساڵی ڕابوردوودا زۆرترین قسە لەسەر سەکتەری نەوت و چۆنییەتی بەڕیوەبردنی کراوە، بەتایبەت لەسەر داهات و چۆنییەتی خەرج کردنی داهاتە نەوتییەکان. لێرەوە گرنگی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و زانیاری و شیکردنەوە و راڤەکردنی ئەو زانیاریانە لەلایەن کەسانی شارەزاوە پێویستە، بەتایبەت کاتێک زانیارییە فەرمییەکان سنوردارن و دەست پێگەشتنیان زەحمەتە، وە لە لایەکی تر بوارێکی پسپۆڕی ووردە، کە دەبێت بەشێوەیەکی زانستی و بابەتی قسەی لەسەر بکرێت، لەهەمان کاتدا بەزمانێک دابڕێژرێت هەموان لێی تێبگەن.

لەم سۆنگەیەوە، بە گرنگمان زانی لە ژێر ڕوناکی دواهەمین ڕاپۆرتی دیلۆیت کە لە بەرواری ٢٠٢٠/١/١٥ دا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بڵاوکراوەتەوە، هەڵسەنگاندنێک بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵ داهات و بەرهەمی نەوتی هەرێم بکەین، بۆ ئەو ٩ مانگەی ڕاپۆرتەکە دەربارەی نووسراوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، سەرەتا بەکورتی ئەو جۆرە لە گرێبەستی نەوتیمان باس کردووە کە لە هەرێمی کوردستان پەیرەو دەکرێت، و پێکهاتە سەرەکییەکانی گرێبەستەکەمان ڕوونکردووەتەوە، بەتایبەت ئەو خاڵانەی کە پەیوەستن بە مامەڵە داراییەکانی بابەتی ووردبینییەکەی دیلۆیت. هەروەها جۆری پاداشتەکانمان (Bonuses) لە گرێبەستەکاندا باس کردووە. خۆێندنەوەمان بۆ ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت بۆ هەر چارەکێک بەجیا کردووە، وورد چوینەتە ناو شایستەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی نەوت، ژمارەکانمان لەسەر بنەمای گرێبەستەکانی هاوبەشیکردن لە بەرهەمی (PSA) هەرێم شیکرووەتەوە. هەروەها داهاتی نەوتی و تێچووەکانی نەوت کە خۆی لە شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی نەوت و کرێی گواستنەوەی نەوت دەبینێتەوە، وە جیاکردنەوەی لەگەڵ ئەو داهاتانەی تر کە حکومەت دەستی کەوتووە و داهاتی فرۆشی نەوتی ئەو ماوەیە نییە کە وردبینی بۆ کراوە.

هاوکات چەند خاڵێکی گرنگمان دۆزیوەتەوە لە هەردوو چارەکی یەکەم و دووەمدا، کە جێی هەڵوێستە لە سەر کردن و ڕونکردنەوەیە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە شایستەی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی نەوت کە ئەو شایستانەی وەریانگرتووە، یەکناگرنەوە لەگەڵ مەرجەکانی دابەشکردنی پشکەکان، کە لە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمدا پەیرەو دەکرێت. ئەم جۆرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ شایستەکان و هەڵەی ژمێریاری، دیلۆیت دەخاتە ژێر پرسیارەوە .

کرێێ گواستنەوەشمان بەهۆی نەبوونی زانیاری لەسەر گرێبەستەکانی گواستنەوە لەسەر بنەمای گوژمەی وەرگیراو و بەرهەمی نەوت شیکردووەتەوە. لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیدا لە ژێر رۆشنایی داهات و خەرجی نەوتی ئەو (٩ مانگەی ساڵی ٢٠٢٠)ی هەرێم بەراوردێکمان کردووە لە نێوان فرۆشی نەوت لەڕێی هەولێر و بەغداوە لە ئەگەری ڕادەستکردنی (٢٥٠ هەزار بەرمیل) نەوتی رۆژانە بەسۆمۆ، هەروەها رادەستکردنی هەموو بەرهەمی هەرێمیش، بۆ ئەوەی بزانین جیاوازی نرخ و داهات چەندە.

# ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت هەوڵدەدەین شیکردنەوە بۆ داهاتە نەوتییەکان بکەین، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

- جیاکردنەوەی جۆری داهاتەکان لە یەکتر، داهاتی فرۆشی نەوت لەگەڵ داهاتەکانی تر.
- ئەو پارەیەی کە بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە فرۆشی نەوت لە ماوەی ڕاپۆرتەکەدا چەندە؟
- جۆرەکانی تری داهات کە لەو ماوەیەدا حکومەت وەری گرتووە چییە؟
- بەراوردی داهاتی نەوت لەڕێی سۆمۆ وە چەندە؟

# ووردبینی چییە؟

وردبینی بریتییە لە پشکنینی تۆمارەکانی ژمێریاری و هەژمارەکان لەلایەن کەسی وردبین، و پشکنینی فیزیکی لە لیستی دا تاکاندا تاوەکو دڵنیابن لەوەی هەموو بەشەکان بەپێی سیستەمی بەڵگەنامەیی تۆمارکردنی مامەڵەکان پەیڕەو دەکرێن. بۆ دڵنیابوون لە و لێدوانە داراییە ی کە لە لایە ن ئە و ڕیکخراوە وە یاخود دەزگایە دابین کراوە.

وردبینی دوو جۆری هەیە، وردبینی ناوخۆیی کە لە ناوخۆی دەزگاکەدا دەکرێت، جۆری دووەم بریتیە لە وردبینی دەرەکی کە لە لایان لایەنێکی سەربەخۆوە دەکرێت. دیلۆیت وردبینی دەرەکی ئەنجام دەدات بۆ پرۆسەکانی نەوت و گاز لە هەرێم .

وردبینی دەرەکی، بریتیە لە پێداچوونەوەیەکی وردی سیستماتیک بە تۆمارەکانی ژمێریاری تایبەت بە دام و دەزگایەک، بۆ دڵنیابوون و پشتراستکردنەوەی ڕاست و دروستی تۆمارەکان. بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە بەگومانەوە وردبینی بۆ بەیان و پەڕاوەکان دەکرێت و بۆشاییەکان دەدۆزرێتەوە. لە وردبینی ژمێریاریدا یەکێک لە ئامانجەکان دۆزینەوەی هەڵەی ژمێریارییە، گەر پارەیەکی ون بوو هەبێت بەهۆی هەڵە یاخود فرت و فێڵەوە دەستنیشان دەکرێت. هەروەها پێشنیاری گونجاو بۆ لایەنی پەیوەندی دار دەکات، لەلایەن کەسێک یاخود دەزگایەک کە لە میتۆدی ژمێریاری پێویستدا بەتوانان و بە هیچ شێوەیەک پەیوەست نین بەو کەس و دەزگایانەوە کە لە ژێر وردبینیدان.

# گرنگی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت و حکومەت

وەکو لە پێناسەی وردبینی دا هاتووە، وردبینی بۆ تۆمارەکانی ژمێریاری و داتاکانی هەر دام و دەزگایەک یان سەکتەرێکی دیاری کراو دەکرێت تاوەکو بزانرێت بە پێی سیستەمی ئەو دەزگایە مامەڵە کراوە. لێرەدا لایەنێکی سەربەخۆ کە دیلۆیتە وردبینی دەرەکی دەکات بۆ گرنگترین سەکتەری هەرێم کە تائێستا شادەماری ئابوری هەرێم پێک دەهێنێت.

بڵاوکردنەوەی هەر ڕاپۆرتێک لەسەر هەربوارێکی دیاری کراو گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەت بۆ داموو دەزگا حکومییەکان کە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەچێتە خانەی ڕوونبینییەوە. لەڕێی ڕاپۆرتەکانەوەیە چۆنییەتی مامەڵەکردن و بەڕێوەبردنی ئەو سەکتەرەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕاپۆرتەکەی لەسەر نوسراوە .

لەم سۆنگەویەوە، ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت گرنگی خۆی هەیە بەتایبەت کە ڕاپۆرتی وردبینیە لەداهاتی نەوتی هەرێم کە جێی مشتومڕ بووە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا. وردبینی ناوخۆیی و دەرەکی پرۆسەیەکی بەردەوامە، لە بڕێوەبردنێکی دروستدا

بۆشاییەکان و کەلێنەکانی بواری وردبینی بۆ کراو دەدۆزرێتەوە و پێشنیاری چارەسەری بۆ دادەنرێت تاوەکو لەڕێیەوە بتوانرێت زیاترین سود لەو بوارە وەربگیرێت و ببێتە هۆی بوژاندنەوەی .

دەبێت هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتانەی دیلۆت بەشێکی تری ڕاپۆرتەکە کە دەستخستنە سەر کێشەکانی بابەتی وردبینی بۆکراوە بدرێت یان درابێت بە حکومەت و لایەنی پەیوەندی دار تاوەکو کاری لەسەر بکەن. لێرەدا گرنگە دیلۆیت لە کاتی وردبینیدا گەڕابێتەوە بۆ ئەو گرێبەستانەی کە لایەنەکانی پەیوەست بە وردبینیەکە لەگەڵ یەکدا هەیانە کە بەپێی ئەو گرێبەستانە پابەندییەکانیان دیاری کراوە .

# سیستەمی دارایی نەوت بە کورتی

پرۆسەکانی نەوت پرۆسەگەلێکی دورو درێژی چەندین ساڵەن بۆ وەگەڕخستنیان پێویستیان بەسەرەمایە گوزارییەکی زەبەلاح هەیە تا وەگەڕ بخرێن. سیستەمی دارایی هەرولاتێک چوارچێوەی کارکردن و شێوازی مامەڵەکردن لە گەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان دیاری دەکات .

دوو جۆر لە سیستەمی دارایی پەترۆل لە جیهاندا هەیە، یەکەم سیستەمی ئیمتیاز و دووەمیش سیستەمی مالی تەعاقدی.

جۆری یەکەم: مافی ئیمتیاز دەدات بە کۆمپانیا بۆ کێڵگەیەکی دیاری کراو لە ماویەکی دیاری کراودا بۆ بەرهەم هێنان وە خاوەنداڕێتی نەوت یان گازە بەرهەمهاتووەکە لە زۆربەی کاتدا لە سەری بیرەکەوە واتە لە دەرهێنانییەوە بۆ کۆمپانیا دەگوازرێتەوە، حکومەت تەنها (موڵکانە و باج و پاداشتی بەرهەم) وەردەگرێت.

جۆری دووەم: سیستەمی تەعاقدی، پێک دێت لە دوو جۆر، گرێبەستی هاوبەشی کردن لەبەرهەم (لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت) و گرێبەستی خزمەتگوزاری (لە عێراق پەیڕەودەکرێت) ئەم دوو جۆرە گرێبەستە جیاوازن لە یەک و دەکەوێتە سەر ئەو ڕیکەوتنەی حکومەتی خانەخوێ لەگەڵ کۆمپانیاکاندا دەیکات. شێوازی خەرجییەکان و پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان و پشکی کۆمپانیای نیشتمانی بە پێی گرێبەستەکە دیاری دەکرێ. جیۆلۆجی بلۆکی نەوتی یان گازی، جیۆپۆلەتیکی وڵاتەکە، ژێرخانی ئابووری و ژێرخانی نەوت و گازی وڵاتەکە کاریگەرە لەسەر رێکەوتنەکە و پێگەی هەرلایەکی گرێبەستەکە دیاری دەکات لە دانوستاندن بۆ هەر ڕیکەوتنێک. تا پێگەی وڵاتی خانەخوێ بەهێزتربێت گرێبەستی باشتری لێ بەرهەم دێت بۆ حکومەت، لە بەرانبەریشدا کۆمپانیاش دەیەوێت زیاترین قازانج بۆ خۆی ببرێت لە بەرانبەر وەگەرخستنی سەرمایەیەکی زۆر.

لە ساڵەکانی ٢٠٠٢ بەدواوە هەرێم دەستی بە گرێبەست کردووە لە گەڵ کۆمپانیا نەوتیەکان جگە لە یەک گرێبەستی گاز هەموو گرێبەستەکانی هەرێم کە کردویەتی بریتیە لەگرێبەستی هاوبەشی کردن لەبەرهەمدا، لەساڵی ٢٠٠٧ یشەوە بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێم ئەم جۆرە لەگرێبەست بە یاسا چەسپاوە.

# گرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەرهەم

بەپێی ئەم جۆرە لە گرێبەست کۆمپانیای نەوتی مەترسی گەڕان و پشکنین وخەرجی لەئەستۆ دەگرێت لەبەرانبەر بەشێک لەو نەوتە یان گازەی کە بەرهەمدێت لەناوچەی گرێبەستەکەدا، گەر نەوت یان گاز دۆزرایەوە و بەرهەمهات. بەڵام گەر نەدۆزرایەوە ئەوا حکومەت هیچ خەرجییەک ناداتەوە بە کۆمپانیا، ماوەی گەڕان و پشکنین پێنج ساڵە دەتوانرێت بۆ ٢ ساڵ زیاتر درێژبکرێتەوە. کاتێک نەوت بەرهەم دێت لە کێڵگەیەکدا ئەوکات دەچێتە قۆناغی دووەمەوە کە قۆناغی بەرهەم هێنانە و ماوەکەی ٢٠ ساڵە و دەکرێت بۆ ٥ ساڵی تر درێژ بکرێتەوە بەپێی گرێبەستەکانی هەرێم.

کۆنترۆڵی نەوت و گاز لە دەست حکومەتدا دەبێت و کۆمپانیای نیشتمانیش بەشدار دەبێت لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا .

لە گرێبەستەکانی هاوبەشی کردندا پاداشتێک هەیە کاتێک کۆمپانیا گرێبەستی لەگەڵ دەکرێت بۆ کێڵگەیەکی نەوت یان گاز دەیدات بە وڵاتی خانەخوێ یان حکومەت. ئەم پاداشتە کە لەهەرێم بە شیرینییە نەوتییەکان ناسراوە چەند جۆرێکی هەیە و لە چەند قۆناغێکی جیادا وەردەگیرێت.

**پاداشتی ئیمزاکردن:** لەکاتی ئیمزاکردنی هەر گرێبەستێکدا بۆ هەرکێڵگەیەکی نەوتی کۆمپانیا پاداشتی ئیمزاکردنی گرێبەست دەدات بە حکومەت، لەگرێبەستەکەدا بڕەکەی دیاری دەکرێت و هەرناوچەیەکی گرێبەستیش گرێبەستی جیایە و دەکرێت ڕێژەکانیش جیابن. لە بەدواداچوونمان بۆ هەندێ گرێبەست ١٥ گرێبەستمان لە ناوچە جیاکان وەکو نمونە وەرگرت بڕەکانی جیاوازن، لە نێوان ١ ملیۆن بۆ ٢٥ ملیۆن وەرگیراوە وەک پاداشتی گرێبەست.

**پاداشتی بنیاد نانی تواناکان:** ئەم پاداشتە لەکاتی ئیمزاکردنی گرێبەستەکەوە لەماوەیەکی دیاری کراودا کە لە گرێبەستەکەدا دەستنیشان کراوە دەبێت بدرێت بە حکومەت. لەم بڕگەیەشدا لە و نمونانەی وەرمانگرت بڕەکە لە هەندێ گرێبەستی کەمدا ٢ ملیۆنە و ئەوانی تر لە نێوان ٢٠ ملیۆن تا ١٧٥ ملیۆن دۆلار گەشتووە.

**پاداشتی بەرهەم هێنان:** کاتێک کێڵگەیەک دەگاتە بەرهەم هێنانی بازرگانی کۆمپانیا بڕێکی تر پاداشت دەدات بە حکومەت، ئەم بڕەش بەپێی گرێبەستەکان دەگۆڕێت. لە گرێبەستەکانی هەرێمدا بەشێوەیەکی گشتی دابەش کراوە بۆ چەند قۆناغێک بەم شێوەیە:

آ- دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دۆلار (٢،٥٠٠،٠٠٠$) ملیۆن کاتێک دەست دەکرێت بە بەرهەمهێنان لە کێڵگەکەدا .

ب- پێنج ملیۆن دۆلار (٥،٠٠٠،٠٠٠$) کاتێک کۆی نەوتی بەرهەم هاتوو لە ناوچەی گرێبەستەکەدا دەگاتە ١٠ ملیۆن بەرمیل.

ج- دە ملیۆن دۆلار (١٠،٠٠٠،٠٠٠$) کاتێک کۆی نەوتی بەرهەم هاتوو لە ناوچەی گرێبەستەکەدا دەگاتە ٢٠ ملیۆن بەرمیل.

د- بیست ملیۆن دۆلار ( ٢٠،٠٠٠،٠٠٠$) کاتێک کۆی نەوتی بەرهەم هاتوو لەناوچەی گرێبەستەکەدا دەگاتە ٥٠ ملیۆن بەرمیل.

پاداشتەکان لەماددەی ٣٢، ٣٢.١ تاوەکو ٣٢.٧ لە زۆرێک لە گرێبەستەکانی هەرێم دا دیاری کراوە. لەکاتی وردبینی کردندا دەبێت هەر کێڵگەیەک بەپێی ئەوبڕەی لەگرێبەستەکەدایە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

لە هەرێم بڕیارە کۆمپانیای ئی ئاند وای E&Y وردبینی بۆ پاداشتەکان بکات، بەڵام لەساڵی ٢٠١٦ وە کە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراودا کراوە هیچ ڕاپۆرتێکی وردبینی بڵاو نەکراوەتەوە.

# دابەشکردنی پشکەکان

بەپێی گرێبەستەکانی هەرێم کاتێک کۆمپانیاکانی نەوت دەچنە قۆناغی بەرهەم هێنانی بازرگانیەوە، کە بە پێنج هەزار بەرمیلی ڕۆژانە دیاری کراوە، ئەو کات کۆمپانیا بەپێی مەرجەکانی گرێبەستەکە دەست دەکات بە وەرگرتنەوەی بەشێک لەو خەرجییەی لە قۆناغەکانی پێشودا کردوویەتی. وە بەپێی ماددەکانی ٢٤، ٢٥، ٢٦ ی گرێبەستەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پشکەکانی هەر لایەک( وڵاتی خانەخوێ و کۆمپانیاکان) دابەش دەکرێت.

بەپێی گرێبەستەکانی نێوان هەرێم و کۆمپانیاکان کاری فرۆشتنی نەوتی هەرێم لەسەر هەرێمە و لە شوێنی گواستنەوەوە ئەژماردەکرێت. خاڵی گواستنەوە Delivery point کە لە دوای دەرهێنان و پێوانەکردنیەتی و لەسنووری کێڵگەکەدایە، واتە

خەرجی گواستنەوە لە کێڵگەکەوە بۆ شوێنی مەبەست (بەکارهێنانی ناوخۆ یان هەناردەکردن)لەسەر حکومەتە. حکومەت بە گرێبەستی جیا لەگەڵ کۆمپانیاکانی گواستنەوەدا ڕێککەوتووە. لەناو هەرێم گواستنەوە بە بۆری هەرێمدا لەگەڵ کۆمپانیای کار گروپ و ڕۆسنەفتە، لەخاکی تورکیادا گرێبەستی گواستنەوە لەگەڵ کۆمپانیای وزەی تورکی TEC کراوە. کرێکەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە دەدرێت.

کۆمپانیاکانی وەبەرهێنی نەوت دوو جۆر داهاتیان هەیە:

١ .وەرگرتنەوەی خەرجی بە ڕێژەی ٤٠٪ تا ٤٥٪ (ئێمە تێکرا ٤٣٪ مان وەرگرتووە لەم لێکۆڵینەوەیدا)

٢ .قازانجی نەوت ( بەهاوبشی لەگەڵ حکومەت دابەش دەکرێت لە نێوان ٣٠٪ بۆ ١٥٪)

حکومەتیش چوار جۆر داهاتی هەیە :

١ -موڵکانە ١٠٪

٢ -قازانجی نەوت لەنێوان ٧٠٪ تا ٨٥٪

٣ -٢٠٪ ی قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ حکومەتە لە ڕێی کۆمپانیای کیپکۆوە .KEPCO

٤ -باج ( بەپێی گرێبەستەکان حکومەت لە بری کۆمپانیاکان دەبێت باج بدات).

پشکەکان بەم شێوەیە دابەش دەکرێن:

## ١ -موڵکانە

بەپێی گرێبەستەکانی هەرێم لەماددەی ٢٤ دا دیاری کردووە، موڵکانە لەو نەوتە دەدرێت کە لە ناوچەیەکی گرێبەستدا بەرهەم هاتووە و هەڵگیراوە. موڵکانە لەو نەوتە نادرێت کە لە پرۆسەکانی نەوتدا بەکار هاتووە یان داخڵ کراوەتەوە re injected یان سوتێنراوە، یان ئەو بڕەی کە نەفرۆشراوە. موڵکانە دەکرێت بە نەوت بدرێت یاخود بەکاش. ڕێژەی ١٠٪ کۆی بەرهەمی هەر کێڵگەیەک وەکو موڵکانە دیاری کراوە و حکومەت وەریدەگرێت. بەپێی ماددەی ٢٤ بڕگەی ٤ Aلە گرێبەستەکان. ئەو بڕەی دەمێنێتەوە پوختەی نەوتی دەستەبەرە.

## ٢ -دانەوەی خەرجی کۆمپانیاکان

لە دوای ئەوەی موڵکانە لە نەوتی بەرهەم هاتوو دەرکرا ئەوەی دەمێنێتەوە خەرجی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی لێ دەدرێتەوە. بەڵام بەپێی گرێبەستەکان تا ئاستێک دەتوانن خەرجییەکانیان لە هەرساڵێک یان چارەکێک( بەپێێ گرێبەرەستەکە) وەربگرنەوە ئەو بڕە زیادەی دەمێنێتەوە دەخرێتە سەر خەرجی ساڵی دوایی و بەو شێوەیە تا تەواو دەبێت. لەسەرەتای پرۆسەکە وە وەرگرتنەوەی خەرجییەکان تا ئەو سەقفەی بۆی دانراوە دەڕوات بەڵام پاش ماوەیەک ئەو خەرجییانە کەم دەبێتەوە چونکە زۆرێک لەو خەرجیانە لە قۆناغی گەڕان و پشکنین دا بووە و بە تێپەڕبوونی کات کەم دەبێتەوە.

لە هەرێم ئە م ڕێژەیەی دیاری کراوە بۆ وەرگرتنەوەی خەرجییەکان لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر دەگۆڕێت. بە شێوەیەکی گشتی دیاری کراوە تا ئاستی٤٠٪ ی تێکرای داهات وەئەوەی دەمێنێتەوە بۆ مانگ یان ساڵی داهاتوو ئەژمار (حساب) دەکرێت بەپێی گرێبەستەکە، لە یەک گرێبەستدا کە لە کێڵگەی سەرسەنگە ڕێژەکە بە ٤٣٪ دیاری کراوە و لە کێڵگەی

تاوکی و گەرمیانیش تا ئاستی ٤٥٪ دیاری کراوە بۆ وەرگرتنەوەی خەرجییەکان. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تێکڕا ڕێژەی ٤٣٪ دانراوە بۆ لێکدانەوەی وەرگرتنەوەی خەرجییەکان. لە ماددەی ٢٥ بڕگەی ٣ی گرێبەستەکاندا دا ئەم ڕێژانە دیاری کراوە.

خەرجییەکانیش دوو جۆرن خەرجی سەرمایە Capex وە خەرجی کارOpex

بەشێوەیەکی سادە کۆمپانیا هەموو ئەو خەرجیانەی لە قۆناغەکانی گەڕان و پشکنین و پەرەپێدان و بەرهەم هێنان خەرجی دەکات لە و نەوەتە یان ئەو گازەی بەرهەم هاتووە وەری دەگرێتەوە.

لە مادەی ٢٥ بڕگەی ٥ لیستی ئەو بابەتانە دیاری کراوە کە بەخەرجی ئەژماردەکرێت و بریتین لە] خەرجی بەرهەم هێنان، گەڕان و پشکنین، بەبازاڕکردنی گاز، خەرجی پەرەپێدان، وە خەرجی لابردنی شوێنەواری کێڵگەکە کە لەکاتی تەواو بوونی بەرهەم (decommissioning) وەری دەگرێتەوە .[هەموو ئەو خەرجیانەی بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگەکان و دابینکردنی وزە و هێزی کار و کاروباری ڕۆژانەی کێڵگەکان دەچێتە ناو خەرجی بەرهەم هێنانەوە.Operation expenditure

## ٣ -دابەش کردنی قازانج

قازانجی نەوت بریتیە لەو بڕە نەوتە یان داهاتی نەوتەی کە لە پاش دەرکردنی موڵکانە و وەرگرتنەوەی خەرجی کۆمپانیاکان دەمێنێتەوە. دوای وەرگرتنەوەی خەرجی کۆمپانیاکان ئەو بڕەی دەمێنێتەوە قازانجی نەوت یان گازی کێڵگەکەیە، بەپێی فۆرمۆلەیەکی ماتماتیکی دابەشدەکرێت لەنێوان حکومەت و کۆمپانیادا. لە ماددەی ٢٦ ی گرێبەستەکاندا دابەشکردنی قازانجی نەوتی دیاری کردووە لە نێوان حکومەت و کۆمپانیا نەوتییکان، لە بڕگەکانی ١ تا ١٤ چۆنیەتی دابەشکردن و مامەڵە کردن لەگەڵ قازانجی نەوت و گاز دیاری کراوە، بە تایبەت بڕگەکانی ٤ تا ٥ بەپێی فۆرمەلەیەکی ماتماتیکی ڕێژەی هەریەک لە حکومەت و کۆمپانیا نەوتییەکان دیاری کراوە.

" قازانجی نەوت دابەش دەکرێت بەپێی فاکتەری (R) کە بریتیە لە ( داهاتی کەڵەکەبوو) دابەشی (تێچووی کەڵەکەبوو). لە باری نموونەییدا کاتێک فاکتەری (R)دەگاتە ٢، قازانج بە لەسەدا ١٥/٨٥ لە بەرژەوەندی حکومەتی هەرێم دابەش دەکرێت."

وە کاتێک (R) لە ١ کەمترو یان یەکسانە بە ١، قازانج بە لەسەدا٣٠/٧٠ لە بەرژەوەندی حکومەت دابەشدەکرێت. ئەم هاوکێشەیە لە زۆربەی گرێبەستەکاندا بەکار دەهێنرێت. بەپێی مادەی ٢٦ بڕگەکانی ٤ و ٥.

R = X/Y
X=داهاتی کەڵەکەبوو
Y=تێچووی کەڵەکە بوو
R < or = 1   30%
1 < R< or = 2   30 – (30 – 15) * (R - 1) / (2 - 1)
15%  R > 2

لە باشترین گریمانەدا بۆ کۆمپانیاکانی نەوت ڕێژەی ٣٠٪ قازانجی دەبێت وە حکومەتیش ڕێژەی ٧٠٪ی قازانج. بەڵام پشکی حکومەت لێرەدا تەواو نابێت بەڵکو حکومەت لەڕێی کۆمپانیای کیپکۆ وە بەشدارە لە قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان، بۆیە لە پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان کە ٣٠٪ ی قازانجەکەیە جارێکی تر حکومەت بەناوی کۆمپانیای کێپکۆ وە پشکی ٢٠٪ی هەیە .

بەپێی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای  نەوت و گازی هەرێمی کوردستان/عێراق بەشی پێنجەم، دامەزراندنی کۆمپانیا گشتییەکان و لەمادەی دەیەم دا باسی دامەزراندنی کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت KEPCO دەکات. بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٣ ساڵ هێشتا ئەو کۆمپانیایە دانەمەزراوە. بەپێی یاسای نەوت وگاز سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ئەو کۆمپانیایە دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێ بدرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەم کۆمپانیایە درووستکرابێت سەرۆکی حکومەت تەنها دوای یەک ساڵ لە دەرچوونی یاسای نەوت و گاز بەناوی کۆمپانیای کیپکۆ KEPCO وە چەند گرێبەستێکی ئیمزا کردووە، لە ناویاندا گرێبەستی کێڵگەی هەولێر لە نێوان کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی کۆریا (Korea

(National Oil Corporationو کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنان (KEPCO)، نیچیرڤان بارزانی لە بری کۆمپانیای کێبکۆ ئیمزای کردووە. یاسایی بوون و نەبوونی کۆمپانیایەک کە بوونی نەبێت بۆ پەرلەمان و داواکاری گشتی جێ دەهێڵین.

لە دابەشکردنماندا بۆ پشکەکان زۆرترین پشکمان بۆ کۆمپانیا داناوە لەگەڵ ئەوەی لانی کەم لە کێڵگەی تاوکی دەبێت ئێستا دابەشکردنی قازانج لەباری نمونەیدا بێت بۆ حکومەت واتە ٨٥٪ بۆ حکومەت و ١٥٪ بۆ کۆمپانیاکان. بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕایە ئەوەیە لەساڵی ٢٠١٧ دا حکومەت و کۆمپانیاکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لەبری واز هێنانی حکومەت لەچەند مافێکی خۆی لەو کێڵگەیە کۆمپانیاکان لە هەموو ئەو قەرزانەی ڕابوردوو خۆش بن( ڕاپۆرتی ٣ هەمی ڕوونبین لەسەر وردبینی ڕاپۆرتی ٢٠١٩ ی دیلۆیت بەدرێژی باسی کردووە) هەروەها لە کێڵگەی شێخان دابەشکردنی قازانجی نەوت پێش دوو ساڵ لەقۆناغی دووەم دابووە واتە پشکی قازانجی کۆمپانیا کەمترە لە ٣٠٪ و زیاترە لە ١٥٪ چونکە زۆربەی خەرجی کەڵەکەبوو یان وەرگرتووەتەوە لەماوەی ڕابوردودا.



**IN WITNESS WHEREOF** the Parties have executed this Agreement as of the day, month and year hereinabove first written.

For and on behalf of Assignor:

**THE KURDISTAN EXPLORATION AND PRODUCTION COMPANY**

Nechirvan Barzani
Prime Minister
Kurdistan Regional Government
On behalf of the Regional Council for the Oil and Gas Affairs of the Kurdistan Region - Iraq

Signature:..............................................

Ashti Hawrami
Minister of Natural Resources
Kurdistan Regional Government
On behalf of the Ministry of Natural Resources in the Kurdistan Region

Signature:..............................................

For and on behalf of Assignee:

**KOREA NATIONAL OIL CORPORATION**

Young-Won Kang
President & CEO
Korea National Oil Corporation

Signature:..............................................

## ٤ -باج

له باری ئاسایدا کۆمپانیا دەبێت لەو قازانجەی دەیکات باج بدات بە حکومەت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان له گرێبەستەکاندا و لەماددەی ٣٠ دا کۆمپانیا نەوتییەکانی لە باجی داهات و کەرەستەو هەرباجێک کە پەیوەست بێت بەچالاکییە نەوتەکانەوە بەخشیوە. بە دەق دەڵێت " حکومەتی هەرێم لە بری کۆمانیا نەوتییەکان باج دەدات بە فەرمانگەی باج."

بەپێی گرێبەستەکانی نێوان هەرێم و کۆمپانیاکان کاری فرۆشتنی نەوتی هەرێم لەسەر هەرێمە و لە شوێنی گواستنەوەوە ئەژماردەکرێت واتە خەرجی گواستنەوەش دەچێتە سەر خەرجیەکانی نەوت.



# ڕاپۆرتی هەشتەمی دیلۆیت

لە بەرواوی ٢٠٢١/١/١٥ حکومەتی هەرێم ڕاپۆرتی هەشتەمی دیلۆیتی بڵاوکردەوە بۆ وردبینیی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی ١ی کانوونی دووەم ٢٠٢٠ تا ٣٠ ئەیلولی ٢٠٢٠ واتە ٩مانگی ساڵەکە بە ٣ ڕاپۆرتی جیا، لێرەدا هەوڵ دەدەین لە خشتەیەکدا کۆیان بکەینەوە.

## خشتەی ڕەنکردنەوەی کۆمپانیای دیلۆیت بۆ داهات و خەرجی نەوت بۆ ٩ مانگی ٢٠٢٠

| ژ | برگەکان | چارەکی یەکەم | چارەکی دووەم | چارەکی سێهەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو (هەناردەکراو لەڕێی بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ) | ١,٣٤٢,٢٦٠,٦٤٦ | ٥٩٠,٣٤٩,٥٠٤ | ١,٢٤٣,٥٢٦,٥٧١ |
| ٢ | گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حساباتی کڕیاران | ٤٩٨,٦٦٦,٦٠٥ | (٢١,٤٠١,١٩٦) | (٢٦,٢٥٥,٣٠٠) |
| ٣ | سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارانەوە | (٤٢,٦٤٢,٣٥١) | (١١,١٤٩,٥٢٢) | (٣,٢٩٩,٥٣٣) |
| ٤ | بڕی پارەی دراوی پێشەکی دوورخایان | -- | ٤١٥,٠٠٠,٠٠٠ | |
| ٥ | پارە دان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لەبری حکومەتی هەرێمی کوردستان | (٤٢٧,٤٩٨,٣٩٣) | (٥٠٠,٥٦١,٤٤٢) | (٤٢١,٤٩٥,٠٠٩) |
| ٦ | پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی TEC | (١٣٦,٧٣١,٤٦١) | (٧٠,٠٤٢,١٣٧( | (٤٧,٧١٥,٧١٧) |
| ٧ | بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان KPC بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان | (١٧٩,٠٩٤,٨٠٧) | (٨٤,٨٩٠,٧١٦) | (١٩١,٢٧٣,٢١٢( |
| ٨ | دانەوەی قەرزی هەریەک لە کۆمپانیای وزەی تورکی و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتیی تورکی | (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) | - | - |
| ٩ | پارەدان بۆ لایەنی سێیەم کە لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان دراوە | (٣٣,٩٧٠,٥٦٦) | - | - |
| ١٠ | سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی فرۆشتنی نەوت و چالاکییە پەیوەندیدارەکاندا | ٩٦٠,٩٨٩,٦٧٣ | ٣١٧,٣٠٤,٤٩١ | ٥٥٣,٤٨٧,٨٠٠ |

وەک لە خشتەکەدا دیارە لەبەشی سەرەوە داهاتی فرۆشی نەوتە پاشان چەند خەرجییەکی لێ دەرکراوە بەم شێوەیە :

١ -گۆڕانکاری لە رەسیدی حساباتی کڕیاران (خەرجی نەوت نییە).

٢ -سوود و ڕسوماتی دیکە پەیوەندی دار بە کڕیارانەوە.(بەخەرجی نەوت ئەژماری دەکەین)

٣-بڕی پارەی دراوی پێشەکی دوورخایەن. (تێچووی نەوت نییە پارەیەکە حکومەت وەری گرتووە، بۆ داهاتی فرۆشی نەوتی ماوەی راپۆرتەکە نییە)

٤ -پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەم هێنەرانی نەوت لەبری حکومەتی هەرێم. (خەرجی و قازانجی کۆمپانیاکانە)

٥ -پارەدان لەبەرانبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی. ( خەرجی گواستنەوە لە ناو خاکی تورکیادا)

٦ -بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان. (خەرجی گواستنەوەی ناو هەرێمە)

٧ -دانەوەی قەرزی هەریەک لە کۆمپانیای وزەی تورکی و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتیی تورکی.( دانەوەی قەرز خەرجی نەوت نییە و کاری حکومەتە)

٨ -پارەدان بۆ لایەنی سێهەم لە لایەن یان لەبری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ( خەرجی نەوت نییە و خەرجی حکومەتە)

لەم خەرجییانەی سەرەوە تەنها سێ دانەیان خەرجی سەرەکی نەوتن:

١ -شایستەی کۆمپانیا بەرهەم هێنەکانی نەوت.

٢ -کرێی گواستنەوەی بۆری هەرێم.

٣ -تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (کرێی گواستنەوەی لەناو تورکیادا). لەگەڵ چەند تێچویەکی تر لەژێر خاڵی سوود و ڕسوماتی دیکە دانراوە لەخاڵی ٢ی سەرەوە پەیوەندی دارە بە کڕیارانەوە، کرێی پاکردنەوەی بەشێک لە نەوتەکە لە خەوش و ئاو دەگرێتەوە.

بەپێی راپۆرتەکەی دیلۆیت سافی داهاتی وەرگیراو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەماوەی فرۆشی نەوت و چالاکییە پەیوەندیدارەکان دا بەم شێوەیە بووە:

چارەکی یەکەم: بڕی ٩٦٠,٩٨٩,٦٧٣ دۆلار.

چارەکی دووەم : بڕی ٣١٧,٣٠٤,٤٩١ دۆلار.

چارەکی سێهەم: بڕی ٥٥٣,٤٨٧,٨٠٠ دۆلار. کۆی داهاتی ئەو سێ چارەکە بریتی بووە لە ١,٨٣١,٧٨١,٩٦٤ دۆلار .

بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت بۆمان دەردەکەوێت داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لەماوەی ئەو نۆ مانگەدا بریتی بووە لە ٣,١٧٦,١٣٦,٧٢١ دۆلار بڕی ٢,١١٦,٣٩٣,٣٠٠ دۆلاری بۆ شایستەی کۆمانیا وەبەرهێنەکانی نەوت و کرێی گواستنەوە چووە (هەرێم و تورکیا) کەڕێژەی ٦٦.٦٪ ی هەموو داهات دەکات. هەروەها ڕێژەی ٤.٥٪ بۆ قەرز و پابەندی حکومەت ڕۆشتووە و ئەوەی گەڕاوەتەوە لە فرۆشی نەوت تەنها ٩١٨,١١٥,٣٥٩ دۆلارە کە ڕێژەی ٢٨.٩٪ ی هەموو فرۆشی نەوت دەکات. لەهەمان ماوەشدا جگە لە داهاتی نەوت بەدوو گوژمە بڕی ٩١٣,٦٦٦,٦٠٥ دۆلار لە لایەن حکومەتەوە وەرگیراوە کە حسابی کڕیار و پارەی پێشوەختی نەوتە، دیلۆیت لە ڕوونکردنەوەی تێبینییەکاندا بە قەرز ناوی هێناوە.

## بەرهەم و نرخی نەوت بە پێی ڕاپۆرتی دیلۆیت

| مانگەکان ٢٠٢٠ | نرخی نەوتی هەرێم | بەرهەم مانگانە | تێکڕای نرخ | کۆی داهاتی نەوت دۆلار |
|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | ٤٩.٤٢ | ١٠,٨٦٩,٩١٦ | | |
| شوبات | ٣٨.٣٦ | ١٥,٧٥٨,٨٥١ | ٣١.٠٩٦ | ١,٣٣٧,٢٦٧,٦١٣ |
| ئازار | ١٢.٤٦ | ١٥,٦٩٥,٠٠٢ | | |
| کۆندێنسەیت | ٥١.١٥١ | ٩٧,٦١٤ | ٥١.١٥١ | ٤,٩٩٣,٠٣٣ |
| **کۆی چارەکی یەکەم** | | **٤٢,٣٢٣,٧٦٩** | | **١,٣٤٢,٢٦٠,٦٤٦** |
| نیسان | ٥.١٥٩ | ١٢,٤١٥,٤١٢ | | |
| ئایار | ١٣.٩٩٣ | ١٢,٤٦٨,١٣٢ | ١٥.٧٨١ | |
| حوزەیران | ٢٨.٠٩٢ | ١٢,٥٢٤,٤٦٠ | | |
| **کۆی چارەکی دووەم** | **١٥.٧٨١** | **٣٧,٤٠٨,٠٠٥** | | **٥٩٠,٣٤٩,٥٠٤** |
| تەموز | ٣٢.٦٦٢ | ١٣,٢٣٨,٦٦١ | | |
| ئاب | ٣٣.٢٦٧ | ١٢,٩٧١,٦٢٤ | ٣١.٦٦٩ | |
| ئەیلول | ٢٩.٠٧٦ | ١٣,٠٥٥,٤٩٤ | | |
| **کۆی چارەکی سێهەم** | **٣١.٦٦٩** | **٣٩,٢٦٥,٧٧٩** | | **١,٢٤٣,٥٢٦,٥٧١** |

# شیکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت

لەم بەشەدا، هەر سێ چارەکی ڕاپۆرتەکە بەجیا هەڵوێستەی لەسەر دەکەین و هەوڵدەدەین بەپێێ پێویست بڕگەکان وردبکەینەوە و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین.

# چارەگی یەکەم

## ١ی کانوونی دووەم ٢٠٢٠ **تاکو** ٣١ی ئازار ٢٠٢٠

## جیاوازی تێکڕای نرخی نەوت

ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە لە چارەکی یەکەمدا تێکڕای نرخی نەوت جیاوازیەکی زۆری هەیە. بە پێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت نرخی نەوت لە مانگی کانونی دووەمدا بریتیە لە ٤٩.٤٢ دۆلار، وە لە مانگی شوباتدا بریتیە لە ٣٨.٣٦ دۆلار، لە مانگی ئازاردا بریتیە لە ١٢.٤٦دۆلار، کە تێکڕای نرخی هەرسێ مانگی ئەم چارەکە لە ڕاپۆرتەکەدا بە ٣١.٥٩٦ دیاری کراوە. بەڵام تێکڕای ئەو نرخانە لە ڕاستیدا دەکاتە ٣٣.٤١٣ دۆلار، واتە بڕی ١.٨١٧ دۆلار کەمتر هەژمار کراوە. ئەگەر جیاوازیەکە یەک سەنت بوایە (کە ئەوەش زۆرە)دەکرا لێکدانەوەی ئەوەی بۆ بکرێت کە جیاوازییەکە بۆ پۆینتەکان دەگەڕێتەوە، وەکو لە چارەکی سێهەمدا لە هەزاردا یەک جیاوازە. ئەم جیاوازییە زۆرە و پەسەند نییە وهەروەها کاریگەری زۆری دەبێت لە سەر کۆی داهاتی چارەکی یەکەم. کۆی نەوتی فرۆشراو لەڕێگەی بۆرییەوە لە و ماوەیەدا جگە لە کۆندێنسێت کە بەنرخێکی بەرزتر فرۆشراوە بریتی بووە لە ٤٢,٣٢٣,٧٦٩ بەرمیل و جیاوازی داهاتەکە دەکاتە ٧٦,٩٠٢,٢٨٨ دۆلار، نزیکەی ٦٪ کۆی داهاتی ئەو ماوەیە دەکات، ئەمەش بڕو ڕێژەیەکی زۆرە.

| تێبینی ٦ | | | |
|---|---|---|---|
| ساقی ژمارەی بەرمیلی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە لەگەڵ تێکڕای نرخی یەک بەرمیلی نەوتی فرۆشراو لە یەک مانگدا بەم شێوەیەی خوارەوە: | | | |
| چارەکی یەکەمی ٢٠٢٠ | ئاداری ٢٠٢٠ | شوباتی ٢٠٢٠ | کانونی دووەمی ٢٠٢٠ |
| ٤٢,٣٢٣,٧٦٩ بەرمیل | ١٥,٦٩٥,٠٠٢ بەرمیل | ١٥,٧٥٨,٨٥١ بەرمیل | ١٠,٨٦٩,٩١٦ بەرمیل |
| ٣١.٥٩٦ دۆلار/ بەرمیل | ١٢.٤٦٠ دۆلار/ بەرمیل | ٣٨.٣٦٠ دۆلار/ بەرمیل | ٤٩.٤٢٠ دۆلار/ بەرمیل |

## یەکەم: کۆی فرۆشی نەوتی هەرێم

ا. بە پێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت فرۆشی نەوتی خاوی هەناردەکراو لەڕێی بۆری لەگەڵ فرۆشی پاڵاوگە و ناوخۆ بریتی بووە لە (٤٢,٤٢١,٣٨٣) بەرمیل، وە داهاتی (١,٣٤٢,٢٦٠,٦٤٦) دۆلار، بەڵام هەر بە پێی ڕاپۆرتەکە لە تێبینی ژمارە پێنج دا ئاماژەی پێکردووە، دووبارە بە بڕی ٢,٢١٩,٧٩٨ بەرمیل نەوتی بێ مواسەفاتی ساڵی ٢٠١٩ ماوەتەوە لە مانگەکانی کانوونی دووەم و ئازاردا بارکراوە و فرۆشراوە. تێکڕای سافی ئەو نەوتە بێ مواسەفاتە دوای پاککردنەوە بریتی بووە لە ١,٣٦٢,٥٣٠ بەرمیل، تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت بریتی بووە لە ٣٣.٤١٣ دۆلار، داهاتی ئەو بڕە نەوتەی کە بۆ ساڵی ٢٠١٩ دەگەڕێتەوە ٤٥,٥٢٦,٢١٥ دۆلار. ڕاستە ئەم بڕە داهاتی نەوتە، بەڵام داهاتی بەرهەمی ساڵی ٢٠١٩ یە نەک ٢٠٢٠.

ب. لە چارەکی یەکەمدا ڕادەستکردنی نەوتی خاو بۆ پاڵاوتن لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، سافیی نەوتی قورس بریتی بووە لە : ٢,١٣٤,٩٦٧ بەرمیل نەوت. ئەم بڕە پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەجیا ڕوونکردنەوە بدات لەسەری. ئایا ئەم بڕە لەم ماوەیەدا بۆ چ پاڵاوگەیەک چووە؟بەچەند پاڵێوراوە؟ بەروبوومە پاڵێوراوە نەوتییەکان ( بەنزین ،دیزڵ، بەنزینی فرۆکە، نەوتی سپی ....) چەندبووە و چی لێکراوە؟ ڕاپۆرتی دیلۆیتی ٢٠١٩ کە ڕوونبین لە ئەیلوولی ٢٠٢٠ دا ڕاپۆرتێکی شیکاری لەسەر بڵاو کردەوە دەریخست وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان پارەیەکی زۆری داوە بە کرێی پاڵاوتن کە بۆ هەربەرمیلێک ٢٠ دۆلار و ٣٥ سەنت بووە. لەڕاپۆرتەکەی دیلۆیتی ٩ مانگی سەرەتای ٢٠٢٠ دا هیچ ئاماژەیەک بە کرێی پاڵاوتن نەکراوە! دەکرێت ئەم نەوتە پارەی پاڵاوتنی لێ نەدرابێت و قەرز بێت لای حکومەت، گەر وایە ئەوپرسیارەی لێرەدا دەبێت بکرێت ئەوەیە: ئایا ئەو بەهەدەردانە زۆرەی کە لە کرێی پاڵاوتنی ساڵی ٢٠١٩ دا هەبووە، چارەسەرکراوە؟ کە هەرێم بۆ هەربەرمیلێک زیاد لە ١١ دۆلاری دابوو بەراوورد بە پاڵاوتنی هەمان پاڵاوگە کە بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق نەوتی دەبەپاڵاوت، وە ئایا لە ٢٠٢٠ دا کرێی پاڵاوتنی بەرمیلێک نەوتی خاو چەندبووە؟

## دووەم: گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان

ئەم برگەیە بریتییە لە رەسیدی کۆمپانیاکان، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر پشتگیری حسابەکە دەکرێت بەوەی پارەی بخرێتە سەر یاخود لێی ڕابکێشرێت, وەک قاسەیەک وایە. لە چارەکی یەکەمدا کڕیارەکان رەسیدەکەیان زیاد کردووە و بڕی (٤٩٨,٦٦٦,٦٠٥) دۆلاریان خستووەتە سەر حسابەکە .

ئەم پارەیە لەم چارەکەدا هیچ پەیوەندییەکی بە فرۆش و داهاتی نەوتی ئەو ماوەیەوە نییە، بەڵکو پارەیەکە چووەتە سەر حسابی کڕیارەکان، بەداهاتی نەوت ئەژمار ناکرێت. راستە بۆ کاروباری ژمیریاری دەبێت وەکو ئەوەی لەخشتەکەی دیلۆیت دا هاتووە دابنرێت، بەڵام نابێت والێکبدرێتەوە کە بەشێکە لە داهاتی نەوتی ئەو ماوەیە. ئەم پارەیە لە ڕووی تەکنیکییەوە قەرز نییە بەڵام لەئەستۆی حکومەتدایە، وەکو بانکێک کە چۆن پارەی تیادا ئیداع دەکەیت، تۆ خاوەنیت نەوەک بانکەکە.

گەربێت و ئەم برە پارە وەرگیراوە زیاد بکەین بۆ ئەوەی ماوەتەوە لەم چارەکەداو برەکەی ٤٦٢,٣٢٣,٠٦٨ دۆلارە ئەوا ئەو ژمارەیە دەردەچێت کە حکومەت لە ڕاپۆرتەکەدا دەڵێت بۆی ماوەتەوە وبڕەکەی ٩٦٠,٩٨٩,٦٧٣ دۆلارە. بەڵام ئەم پارەیە داهاتی نەوت و پێشەکی نەوتیشە، نەک تەنها داهاتی نەوت.

## سێهەم: سوود و ڕسووماتی دیکە

ئەم خەرجیانە بریتییە لە (٤٢,٦٤٢,٣٥١) دۆلار و بڕی (٢٤,٢٠٢,٤٨٧) دۆلار بۆ لابردنی خەوشی نەوتی بێ مواسەفات خەرج کراوە، لە داهاتی نەوتی ئەمساڵ نەدراوە، بەڵکو لەو پارەیە دراوە کە لە لوبنان لە ساڵی ٢٠١٩ وە قوفڵ بووە و تائێستا نەتوانراوە بگەڕێنرێتەوە و بڕەکەی بریتی بووە لە (٣١٨,٥٤٠,٧١٩) دۆلار و ئێستا بڕی (٢٩٤,٣٣٨,٢٣٢) دۆلار لە لوبنان ماوەتەوە. بەکارهێنانی ئەم پارەیە کارێکی ئەرێنیە هەرچەند پاککردنەوەی ئەو هەموو خەوشە جێی پرسیارە کە بەردەوام بەشێوەیەکی زۆر تێچووی دەبێت لەسەر هەرێم و لە ڕاپۆرتەکانی ڕابووردووی دیلۆیتدا هەمیشە ئاماژەی پێکراوە.

### نرخی نەوت لەسەر چ بنەمایەک دیاری دەکرێت؟

جۆری نەوت لەسەر بنەمای API و ڕێژەی گۆگرد SULPHER لە نەوتەکەدا دیاری دەکرێت .

هێزی ڕاکێشانی API بەشێوەیەکی فراوان ئاماژەیە بۆ پێوانەی چڕی نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتییەکان و کورت کراوەی پەیمانگای ئەمریکییە American Petroleum Institute کە پێوانەکەی داناوە. نەوتی خاو بەشێوەیەکی گشتیAPI ی لە نێوان ١٥ بۆ ٤٥ دایە. تاوەکو API ی بەرزبێت جۆری نەوتەکە سوکترە و تاوەکو API نزمتربێت جۆری نەوتەکە قورسترە, تا گۆگردی کەمبێت شیرینە و گۆگردی زۆر بێت ترشە. نەوتی سوکAPI ی لەنێوان ٣٥ بۆ ٤٥ دایەوە نەوتی قورسیش ١٥ بۆ ٢٥ ئەگەر ئەی پی ئای نەوتێک لە ١٥ کەمتر بێت بەنەوتێکی زۆر قورس ئەژمار دەکرێت. نەوتی زۆر سوک یان کۆندێنسەیتAPI ی لەسەرو ٤٥ ەوەیە. نەوتی هەرێم بە نەوتێکی مام ناوەند ئەژمار دەکرێت API .و ڕێژەی گۆگردی لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، بە پێی زانیارییەکان کێڵگەی شێخان قورسترین جۆری نەوتی هەرێمە کە API لە ١٥ بۆ ١٦ دەبێت و کێڵگەکانی تەق تەق و کوردەمیر لەگەریمان جۆری نەوتی سوکە. جۆری(کوالێتی)هەرکێڵگەیەک لەگەڵ کێڵگەیەکی تردا جیاوازە، بۆیە نرخی نەوتی هەرکێڵگەیەک جیاوازە لەگەڵ کێڵگەیەکی تردا. بەڵام لە بەرئەوەی هەرێمی کوردستان تەنها یەک هێڵی بۆری هەیە نەوتی پیا بگوێزرێتەوە نەوتی کێڵگەکان داخڵی بۆری دەکرێت و لە ئاکامدا کوالێتی نەوتەکە دادەبەزێت.

لە نەوتی خاودا شتێک نییە بەناوی نەوتی بێ مواسەفات. ئەگەر هەیە ئەم نەوتە بێ مواسەفاتە پاشماوەی نەوتی پاڵاوگەکان بێت کە دوای دەرکردنی بەرهەمە نەوتییەکان( بەنزین، دیزڵ، گازی ماڵان و سوتەمەنی فڕۆکە...) دەمێنێتەوە. بەڵام ئەم پاشماوەیەش داخڵی بۆری ناکرێت. دوای بەدواچوون و پرسیارکردن لە کەسانی پسپۆڕی بەرهەم هێنانی نەوت، پسپۆڕان بوونی

ئاو لە ناو نەوتی خاو دا پەسەند کراو نییە لایان. بوونی ئاو یان خەوش BS&W دەبێت ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەم بێت، تارێژەی خەوش و ئاو کەمتر بێت باشترە. ڕێژەی پەسەند دەبێت ١٪ و کەمتربێت. لەهەمان کاتیشدا ئاماژەیەکی باش نییە بۆ بیر و ئەمباری نەوتەکە Reservoir و  کاری چالاکییەکان  .Operations گەر ئەو ئاو و خەوشە  ڕێژەکەی زۆربێت ئەوا پێویستی بەوەیە کە باشتر مامەڵە لەگەڵ بەرهەمهێناندا بکرێت و لەکێڵگەکان چارەسەربکرێن.

وەزارەت دەبێت ڕونکردنەوە بدات لەسەر نەوتی بێ مواسەفات مەبەست لێی چ نەوتێکە.

## چوارەم: شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت

خاڵێکی  جێی سەرنج  لەبڕگەی "پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان" دا، بری ( ٤٢٧,٤٩٨,٣٩٣) دۆلارە دراوە بە بەرهەم هێنەرانی نەوت واتە هەرسێ مانگی (کانوونی دووەم، شوبات، ئازار)، ئەم ڕێژەیە زۆر زۆرە وە بەپێی گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم لە مادەکانی ( ٢٦،٢٥،٢٤) دا وەکو لە بەشی (دابەشکردنی پشکەکان) رووغانکردووەتەوە یەک ناگرێتەوە و سەرپێچی گرێبەستەکانە، بەتایبەت کاتێک حکومەتی هەرێم لەمانگی ئازاردا کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنی نەوتی هەرێمی ئاگادارکردووەتەوە کەوا شایستەکانی مانگەکانی ١١ و ١٢ ی ٢٠١٩ و ١ و ٢ ی ٢٠٢٠ یان دوادەخات بۆ ئەوکاتەی نرخی نەوتی برێنت دەگاتە سەروو ٥٠ دۆلار. کۆمپانیا نەوتییەکان لە کاتی خۆیدا ڕایان گەیاندووە. هەروەها لەڕاپۆرتەکانی مانگی کانوونی یەکەم ی ٢٠٢٠ و کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دا هەریەک لە کۆمپانیاکانی (دی ئێن ئۆ، گەنێل ئەنێرجی، گۆڵف کیستۆن، شاماران، ئێچ کەی ئێن، فۆرزا و داناگاز) ڕایانگەیاندووە کە شایستەی ئەو مانگانەیان وەرنەگرتووە بەڵکو حکومەت پێی ڕاگەیاندوون لەمانگی ئازاری ٢٠٢٠ وە هەر مانگێک لە ١٥ی مانگی دواتردا شایستەکانیان پێ دەدرێت. لەوکاتەوە کۆمپانیا کانی بەرهەم هێنی نەوت مانگانە ڕایانگەیاندووە  شایستەکانیان لە مانگی ئازارە وە بە بەردەوامی وەردەگرن، وەئێستا  چاوەڕێن لە ساڵی ٢٠٢١  دا ئەو شایستە دواخراوانە وەربگرنەوە. ئەو چوار مانگە دوو مانگیان لە ڕاپۆرتی دیلۆیتی ٢٠٢٠ دا هاتووە قەرزە لای حکومەت و نەدراوە بەکۆمپانیاکان. کەواتە ئەو بڕە پارەیەی کە لە چارەکی یەکەمدا بۆ شایستەی بەرهەم هێنەرانی نەوت چووە دەبێت تەنها شایستەی مانگی ئازار بێت نەک مانگی کانوونی دووەم و شوبات.

### داهات و شایستەی مانگی ئازار

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، شایستەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی نەوت پێک دێت لە دوو جۆر. یەکەمیان وەرگرتنەوەی خەرجییە و دووەمیش قازانجی نەوتەکەیە. بەپێی گرێبەستەکان وە یاسای نەوت و گازی هەرێمیش لەکۆی بەرهەم بڕی ١٠٪ ی دەچێت بۆ موڵکانەی حکومەت، ئەوەی دەمێنێتەوە  لەدوای دەرکردنی موڵکانە تا ئاستی ڕێژەی ٤٠٪ تەنها لە دووکێڵگەدا کە کێڵگەکانی تاوکی و گەرمیانن تا ئاستی  ٤٥٪ بۆ  خەرجی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی نەوت دەڕوات، پاشان ئەو بڕەی لەدوای خەرجی کۆمپانیاکان دەمێنێتەوە نەوتی قازانجە( قازانجی نەوتەکەیە) ئەمەش بەپێی فۆرمەلەیەکی ماتماتیکی دابەش دەکرێت لە نێوان حکومەت و کۆمپانیا بەرهەم هێنەکاندا. لە باری نموونەییدا بۆ کۆمپانیا کان ڕێژەی ٣٠٪ ئەو قازانجە دەبەن و حکومەت ٧٠٪ ی قازانج. لە باری نمونەییدا بۆ حکومەت  ٨٥٪ وە ردەگرێت و کۆمپانیا ١٥٪. ئێمە لێرەدا باری نموونەیی بۆ کۆمپانیا ئەژمار دەکەین کە کۆمپانیا لە هیچ دۆخێکدا لەو ڕێژەیە زیاتر وەر ناگرێت کە ٣٠٪ ی قازانجە.  لەو ٣٠٪ قازانجە کۆمپانیای کیپکۆ  کە کۆمپانیای حکومەتی هەرێمە و پشکی هەیە لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەم هێنەکاندا، ڕێژەی ٢٠٪ قازانجی کۆمپانیاکانی بۆ دەگەڕێتەوە و لە کێڵگەی ئەتروشیش پشکی کیپکۆ ٢٥٪ ی قازانجە، لە کێڵگەی هەولێریش ٣٥٪ .

بەپێی ڕاگەیاندنی کۆمپانیا بەرهەم هێنەکانی نەوت وە ئاگاداری حکومەت، کۆمپانیاکان تەنها  شایستەی مانگی ئازاریان وەرگرتووە کە کۆی بەرهەم بریتیبووە لە (١٥,٦٩٥,٠٠٢) بەرمیل نەوت، نرخی نەوتیش لەو مانگەدا بریتی بووە لە  ١٢.٤٦ دۆلار، کەواتە  داهاتی ئەومانگەی نەوت دەکاتە (١٩٥,٥٥٩,٧٢٥) دۆلار وە ئەگەر هەموو فرۆشی ناوخۆ و کۆندێنسیت دابنێین

لەمانگی ئازاردا فرۆشراوە ( ئەو برە فرۆشی هەرسێ مانگەکەیە نەک یەک مانگ) بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت داهاتی فرۆشی هەموو کۆندێنسێت بریتی بووە لە (٤,٩٩٣,٠٣٣) دۆلار، کەواتە کۆی داهاتی ئازار کردویەتیە (٢٠٠,٥٥٢,٧٢٨) دۆلار. بەپێی شیکردنەوەکانی ئێمە لەسەر بنەمای گرێبەستەکان, شایستەی کۆمپانیاکان لە باری نمونەیدا دەکاتە (١٠٢,٣٠٥,٩٨٥) دۆلار (سەری خشتەی دابەشکردنی پشکەکان بۆ مانگی ئازار بکە)، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆتدا شایستەکە بریتییە لە (٤٢٧,٤٩٨,٣٩٣) دۆلار. کەواتە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنی نەوت بری ٣٢٥ملیۆن و ١٩٢هەزار و ٤٣٥ دۆلار زیادەیان وەرگرتووە. ئەم برە ڕێژەی٣١٧٪ زیاترە لە شایستەی مانگی ئازار.

| دابەشکردنی پشکەکان بۆ مانگی ئازار | | |
|---|---|---|
| تێکرای داهاتی بەرهەم لە چارەکەی یەکەمدا ٢٠٠،٥٥٢،٧٢٨ | حکومەت | کۆمپانیا |
| موڵکانە | ٢٠،٠٥٥،٢٧٣ | |
| پۆختەی بەرهەم ١٨٠,٤٩٧,٤٥٥ دۆلار | | |
| خەرجی کۆمپانیاکان تا ڕێژەی ٤٣٪ | | ٧٧،٦١٣،٩٠٥ |
| نەوتی قازانج ٧٠٪ بۆ حکومەت، ٣٠٪ بۆ کۆمپانیا بە پێی فاکتەری R | ٧٢،٠١٨،٤٨٥ | |
| ٢٠٪ قازانج بۆ هەرێم لە ڕێی کۆمپانیای کێیکۆوە | ٦،١٧٣،٠١٣ | |
| قازانجی کۆمپانیای نەوت | | ٢٤،٦٩٢،٠٥٢ |
| پشکی لایەنەکان | ٩٨،٢٤٦،٧٧٠ | ١٠٢،٣٠٥،٩٥٨ |
| ڕێژەی سەدی | ٪٤٩ | ٪٥١ |

بەپێی گرێبەستەکان دەردەکەوێت نابێت شایستەی مانگی ئازار ئەوەندە زۆربێت، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت دەڵێت دراوە بە شایستەی کۆمپانیاکان! ڕوون نیە لەسەر چ بنەمایەک ئەو ٤٢٧,٤٩٨,٣٩٣ دۆلارە دراوە بە شایستەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوت لەو مانگەدا.

ڕونکردنەوی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان یان دیلۆیت چییە لە و بارەیەوە؟ ناکرێت ئەو ڕێژە زیادەیە بۆ دانەوەی قەرز بوبێت، چوونکە دەبێت بە برگەیەکی جیا دابنرێت بەناوی دانەوەی قەرز وەکو لە " دانەوەی قەرزی هەریەک لە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتیی تورکی (TPIC) " دا جیاکراوەتەوە. هەروەک نیشانیشماندا کە کۆمپانیاکانی نەوت شایستەی مانگی کانوونی یەکەم و شوباتیان وەرنەگرتووە.

## پێنجەم: کرێی تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی و کرێی بۆری هەرێم :

لە چارەکی یەکەمدا بری ٣.٢٣٥ دۆلار کرێی تێپەڕبوونی هەربەرمیلێک نەوت بووە بەخاکی تورکیادا وە هەر لەو ماوەیەدا کرێی گواستنەوەی نەوت لەناو خاکی کوردستاندا لە ڕیی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانەوە کە کۆمپانیای ڕۆسنەفت و کۆمپانیای کار خاوەنداری دەکەن کرێی بەرمیلێک بریتی بووە لە ٤.٠٢٥ دۆلار واتە کرێی گواستنەوە لەناو هەرێمدا بۆ هەربەرمیلێک ٧٩ سەنت زیاتر بووە. لە کاتێکدا ٥٠٪ ی بەرهەمی کوردستان لە و کێڵگانەیە کە لە پارێزگای دهۆکە، وە نزیکە لە پیشخاپور و خاڵی داخڵ بوونی بۆری کۆمپانیای وزەی تورکی.

| پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) | |
|---|---|
| کرێی گواستنەوەی نەوت لە تورکیادا | چارەکی یەکەم |
| بڕی نەوتی هەناردە لە ڕێی بۆرییەوە | ٤٢،٢٦١،٢٦٣ |
| پارەی وەرگیراو | ١٣٦،٧٣١،٤٦١ |
| کرێی گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت | ٣.٢٣٥ دۆلار |

| بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان (KPC) | |
|---|---|
| کرێی گواستنەوەی نەوت لە ناو هەرێمدا | چارەکی یەکەم |
| بڕی نەوتی هەناردە لە ڕێی بۆرییەوە | ٤٤،٤٩٣،٨٤٤ |
| پارەی وەرگیراو | ١٧٩،٠٩٤،٨٠٧ |
| کرێی گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت | ٤.٠٢٥ دۆلار |

سەبارەت بەوەی ئایا شایستەی کۆمپانیاکانی گواستنەوە بۆ ئەو دوومانگەی سەرەتای ساڵ دراوە یان نا هیچ زانیارییەک ڕانەگەیەنراوە و ئێمەش هیچ بەڵگەمان لەبەردەست نەبوو کە شایستەی گواستنەوە دواخرابێت لەلایەن حکومەتەوە.

## شەشەم: دانەوەی قەرز

لەماوی ئەم چارەکەدا بڕی ٦٠ ملیۆن دۆلار قەرزی کۆمانیای وزەی تورکی و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی تورکی دراوەتەوە. چاوەڕێ دەکەین لە حکومەت هۆکاری قەرزەکە و بڕ و ئەوبوارەی تیایدا خەرج کراوە ئاشکرا بکات و ئایا قەرزەکە هەمووی دراوەتەوە وا لە چەرەکی دووەم و سێهەمدا هیچ قەرزێک نەدراوەتەوە؟ لە ڕاپۆرتی ٢٠١٩ ی دیلۆیتدا بڕی ٦١٠ ملیۆن دۆلار قەرزی ئەو دوو کۆمپانیایە دراوەتەوە. دانەوەی ئەم قەرزە هیچ پەیوەست نییە بەخەرجی و تێچووی نەوتی ئەوماوەیەی ڕاپۆرتەکە وردبینی بۆکردووە، بەڵکو پابەندیی حکومەتە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەبری حکومەت قەرزی داوەتەوە.

## حەوتەم : خەرجی لایەنی سێیەم

ئەم برگەیە پێک دێت لە دوو جۆر خەرجی:

١ (٢٤,١٤٣,٩٥٢ دۆلار دراوە بەو سووتەمەنییەی بۆ وەزارەتی کارەبا کڕراوە. ئەم جۆرە  لە خەرجی هەرچەند بەراورد بە ساڵی ٢٠١٩ کەمی کردووە بەڵام پێویست دەکات لە ڕێی وەزارەتی داراییەوە بدرێت بە وەزارەتی کارەبا نەک ڕاستەوخۆ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان مامەڵەی پێوە بکات، کە لە حکومەتێکی سیستەماتیکدا  دەبێت هەر وەزارەتە و بەکاری خۆی هەستێت .

٢ (٩,٨٢٦,٦١٣ دۆلاری بەرامبەر بە خزمەتگوزاریی یاسایی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم بڕە بەراورد بە خزمەتگوزاری یاسایی ساڵی ٢٠١٩ سێ بەرانبەر زیادی کردووە.  هۆکەی چییە؟ ئەم خزمەتگوزاریانە چین  حکومەت ساڵانە پارەی لێ دەدات؟

| | بڕگەکان | چارەکی یەکەم |
|---|---|---|
| ١ | **کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕیگەی بۆری و فرۆشی ناوخۆوە** | **١,٣٤٢,٢٦٠,٦٤٦** |
| ٢ | سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارەکانەوە | (٤٢,٦٤٢,٣٥١) |
| ٣ | پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لە بری حکومەتی هەرێم | (٤٢٧,٤٩٨,٣٩٣) |
| ٤ | پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی | (١٣٦,٧٣١,٤٦١) |
| ٥ | بری پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆری کوردستان ( بەگوێرەی ڕیککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان) | (١٧٩,٠٩٤,٨٠٧) |
| ٦ | دانەوەی قەرزی هەریەک لە کۆمپانیای وزەی تورکی و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی تورکی | (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) |
| ٧ | پارەدان بۆ لایەنی سێیەم کە لە لایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان دراوە | (٣٣,٩٧٠,٥٦٦) |
| ٨ | کۆی خەرجییەکان | ٨٧٩,٩٣٧,٥٧٨ |
| ٩ | کۆی ئەو پارەیەی ماوەتەوە لە فرۆشی نەوت بۆ حکومەت ( ١-٩) | ٤٦٢,٣٢٣,٠٦٨ |
| ١٠ | ڕێژەی سەدی کە ماوەتەوە | ٣٤.٤٪ |

# ئاستی بەرهەمی ڕۆژانە

راپۆرتەکە خاڵێکی تری گرنگ و جێی سەرنجمان بۆدەردەخات سەبارەت بە تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی هەرێم لە هەریەک لەو سێ مانگەی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ دا، وەکو لە ( خشتەی ژمارە ١) دا دەردەکەوێت لەمانگی کانوونی دووەمدا بەرهەمی ڕۆژانەی نەوت بە تێکڕا (٣٥٠,٦٤٢) بەرمیلە. هۆی کەم بوونی بەرهەم لەم ماوەیەدا بەورێژەیە جێی پرسیارە، لە کاتێکدا لەمانگی شوبات دا بەرێژەیەی ٣٥٪ زیادی کردووە و بەرهەمی ڕۆژانە بووە بە (٥٤٣,٤٠٨) بەرمیل کە بەپێی ئەو زانیاریانەی ئێمە لە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنی نەوتەوە کۆمان کردووەتەوە، ئاست و بەرهەمی هەموو کۆمپانیا بەرهەم هێنەکان جگە لە کۆمپانیای کار لە نێوان ٢٨٠ هەزار بۆ ٢٩٠ هەزار بەرمیل دا بووە لە باشترین حاڵەتدا ( خشتەی کێڵگە بەرهەم هێنەکانی هەرێم) کەواتە ئەو بڕە زیادەی لە بەرهەم دەمێنێتەوە بۆ کۆمپانیای کار دەگەڕێتەوە کە لە مانگی شوباتدا ڕۆژانە بڕی ٢٥٣ هەزار و لە ئازاردا ٢٢٦ هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەم هێناوە کە دەکاتە ٤٨٪ بۆ ٤٥٪ ی هەموو بەرهەمی کوردستان. ( هیچ زانیاری فەرمی نییە سەبارەت بە بەرهەمی کێڵگەی خورمەڵە بۆیە تەنها بەبەراوردکاری دەگەین بەژمارەی نزیککراوە لەبەرهەمی کێڵگەی خورمەڵە) ئەمە جگە لە کۆندێنسەیت رۆژانە بەتێکڕا ٣,٣٦٦ بەرمیل بووە.

| خشتەی ژمارە ١ | مانگەکان ٢٠٢٠ | بەرهەمی ڕۆژانە | نرخی نەوتی هەرێم | بەرهەم مانگانە | داهاتی مانگانە | تێکڕای نرخ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی یەکەم | کانوونی دووەم | ٣٥٠,٦٤٢ | ٤٩.٤٢ | ١٠,٨٦٩,٩١٦ | ٥٣٧,١٩١,٢٤٩ | ٣٣.٤١٣ |
| | شوبات | ٥٤٣,٤٠٨ | ٣٨.٣٦ | ١٥,٧٥٨,٨٥١ | ٦٠٤,٥٠٩,٥٢٤ | |
| | ئازار | ٥٠٦,٢٩٠ | ١٢.٤٦ | ١٥,٦٩٥,٠٠٢ | ١٩٥,٥٥٩,٧٢٥ | |
| | کۆندێنسەیت | ٣,٣٦٦ | ٥١.١٥١ | ٩٧,٦١٤ | ٤,٩٩٣,٠٥٤ | ٥١.١٥١ |

| کێڵگە بەرهەم هێنەکانی هەرێم لە ٦ مانگی سەرەتای ٢٠٢٠ دا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| # | ناوی کۆمپانیا | بلۆکی نەوتی | پشکی کۆمپانیا | بەرهەمی کێڵگە/هەزار |
| ١ | دی ئێن ئۆ DNO | تاوکی (١) | %٧٥ | ١١٥ |
| | گەنێڵ ئەنێرجی Genel Energy | | %٢٥ | |
| ٢ | گەنێڵ ئەنێرجی Genel Energy | تەق تەق | %٤٤ | ١٢ |
| | ئاداکس Addax | | %٣٦ | |
| ٣ | ئێچ کەی ئێن HKN | سەرسەنگ | %٦٢ | ٢٤.٧ |
| | تۆتاڵ Total | | %١٨ | |
| ٤ | شاماران ShaMaran | ئەتروش | %٢٧,٦ | ٤٦.٩ |
| | تاقە Taqa | | %٤٧,٤ | |
| ٥ | گۆڵف کیستۆن GKP | شێخان | %٨٠ | ٣٧.٧ |
| | ئێم ئۆ ئێڵ MOL | | %٢٠ | |
| ٦ | ئۆرێکس Oryx | هەولێر | %٦٥ | ١١.٧ |
| ٧ | گاز پرۆم Gazprom | گەرمیان | %٤٠ | ٣٥ |
| | وێستێرن زاگرۆس Western Zagros | | %٤٠ | |
| | کۆی بەرهەم * | | | ٢٩٠ |

# چارەگی دووەم

١ی نیسان ٢٠٢٠ **تاکو** ٣٠ حوزەیران ٢٠٢٠

# جەنگی نرخەکان و کەمبونەوەی داهاتی نەوت

لەسەرەتای مانگی ئازاری ٢٠٢٠ دا خواست لەسەر نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبووەیەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی فراوانی کۆڤید ١٩ لە جیهاندا و ئەو بەربەستانەی خرانە بەردەم هاتووچۆ و داخستنی شوێنە گشتییە کان، سەرئەنجام کەم بوونەوەی چالاکییە ئابوورییەکانی لێکەوتەوە. لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/٦ دا ڕوسیا وەکو ئەندامێکی سەرەکی هاوپەیمانی ئۆپیک پلەس لەزاری وەزیری وزەوە ئەلێکساندەر نۆڤاک دوای ئەوەی کە لەگەڵ سعودیەدا نەگەشتن بەڕێکەوتن لەسەر کەم کردنەوەی زیاتری بەرهەم، ڕایگەیاند لەسەرەتای مانگی نیسانەوە ( ئەو بەروارەی کە دەبوایە ڕێکەوتنەکە درێژبکرێتەوە)

*" وڵاتانی ئۆپیک و ئۆپیک پلەس لە ١ی نیسانەوە سەرپشکن چەند نەوت بەرهەم دەهێنن و هیچ پابەندییەکیان نابێت بەکەم کردنەوەی بەرهەم".*

ئەم لێدوانە بوویە سەرەتای ڕاگەیاندنی جەنگی نرخەکان، بەدواشیدا سعودیە ڕایگەیاند بەرهەم زیاد دەکات بۆ ١٣ ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، لەهەمان کاتدا داشکاندنی بێ وێنەی کرد بۆ کڕیارەکانی بەتایبەت لە ئەوروپا. لێرەوە چەماوەی دابەزینی نرخی نەوت بەخێرایی دەستی پێکرد تا لە بەرواری ٢٠٢٠/٤/٢٠ نرخی نەوتی خاوی تەکساس دابەزی بۆ (- ٣٨) دۆلار و ئەمەش بەرووداوێکی بێ وێنە لە مێژووی نەوتدا تۆمارکرا .

پاش ناچاربوون و پێویستی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بە سنووردانان بۆ بەرهەمی زۆری زیادە کە هەموو ئەمبارەکانی جیهان نزیک بوون لە پڕبوون، وڵاتانی هاوپەیمانێتی ئۆپیک پلەس ڕێکەوتن بە کەمکردنەوەی بێ وێنەی بەرهەمی نەوت لە ٢٠٢٠/٤/١٢ دا و بەڕێژەی ٩.٧ ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە. وڵاتانی دەرەوەی هاوپەیمانێتیەکەش لە دیارترینیان ئەمەریکا، کەنەدا و نەرویج ئەوانیش بڕێک بەرهەمیان کەمکردەوە، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە لە مانگی ئایارەوە دەچووە بواری جێ بەجێ کردن.

مانگی نیسان نزمترین ئاستی نرخی نەوت بوو کە بەتێکرا نرخی نەوتی برێنت ١٨.٣٨ دۆلاربووە وە نرخی فرۆشی نەوتی هەرێم لەم مانگەدا بەتێکڕا ٥.١٥٦ دۆلار بووە واتە بە جیاوازی ١٣.٢٢٤ دۆلار بەراورد بە خاوی برێنت کەمتر فرۆشراوە. پاشتر لە مانگی ئایاردا نرخی نەوتی خاوی برێنت تێکڕا بۆ ٢٩ دۆلار و پاشتریش لە حوزەیراندا تێکڕابۆ ٤٠ دۆلار بەرزبویەوە. لەمانگی ئایاردا نرخی نەوتی هەرێم ١٣.٩٩ دۆلار و لە حوزەیراندا بە ٢٨.٠٩ دۆلار فرۆشراوە.

بەهۆی ئەو دابەزینە زۆرەی کە لەمانگی نیساندا بەسەر نرخی نەوتدا هات لە کێڵگەی شێخان، کۆمپانیای گۆڵف کیستۆنی بەریتانی بە هاوبەشی لە گەڵ کۆمپانیای MOL ی هەنگاری خاوەن پشک و کۆمپانیای وەبەرهێنەر، هیچ شایستەیەکیان وەرنەگرتووە بەهۆی ئەوەی کوالێتی نەوتی ئەم کێڵگەیە نزمەو و نەوتێکی قورسە و بە داشکاندنێکی زۆر لەژێر نرخی برێنتەوە دەفرۆشرێت. کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن لە ٢٠٢٠/٥/٢٨ دا ڕایگەیاند *"پسوڵەی (ئینڤۆیس) شایستەی کۆمپانیا بۆ مانگی نیسان کە پێشکەشی هەرێمی کردووە بڕەکەی سفر بووە ، لەبەرئەوەی نرخی خاوی برێنت لە ژێر ئەوداشکاندنەوەبوو کە بۆ نەوتی شێخان دەکرێت. "*

بۆیە ئاساییە داهاتی نەوتی هەریم لەم چارەکە بەراورد بە چارەکەکانی تر کەمتر بێت لەهەمانکاتدا پشکی کۆمپانیا نەوتییەکانیش بەهەمان ڕێژە دەبێت کەم بکات

## ڕوونکرنەوەی ڕێڕەوی دارایی

داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لەم چارەکەدا بەهۆی نزمی نرخی نەوتەوە بەڕێژەی ٥٦٪ کەمی کردوە و تێکرای فرۆشی نەوت لەم ماوەیەدا بە ١٥.٧٨١ دۆلار فرۆشراوە و داهاتی فرۆش بریتی بووە لە ٥٩٠,٣٤٩,٥٠٤ دۆلار.

لەم ماوەیەشدا بڕێک نەوتی خاو ڕادەستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کراوە بۆ پاڵاوتن، بڕەکەی بریتی بووە لە (١,٤٦٣,٥٣٩) بەرمیل نەوت. بەڵام بەهەمان شێوەی چارەکی یەکەم هیچ زانیارییەک نییە کە بە چەند پاڵیوراوە و بەرهەمە پاڵیوراوەکە بۆ کوێ چووە؟!

## گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان

لەم چارەکەدا بڕی (٢١,٤٠١,١٩٦) دۆلار لە ڕەسیدی سەر حسابی کڕیارەکان کەمی کردووە. دەکرێت بەوشێوە روونی کەینەوە ئەو پارە لە حسابەکەدا وەکو قەرز بووە ئەم بڕەی لێدراوەتەوە.

## پارەی دراوی پێشەکی دوورخایەن

لەم ماوەیەدا بڕی ٤١٥،٠٠٠،٠٠٠ دۆلار وەرگیراوە لە لایەن حکومەتەوە وەک پێشەکی دوورخایەن. ئەم پارەیە کڕیارەکان داویانە بەحکومەت تاوەکو لە ئاییندەدا نەوتیان ڕادەستبکات واتە پارەی پێشەکی نەوتێکە کە هێشتا نەدراوە بەکڕیارەکان و داهاتی فرۆشی نەوتی ئەو ماوەیە نییە ، هەروەک بالانسی ڕەسیدی حسابی کڕیارەکان لە چارەکی یەکەمدا داهاتی فرۆشی نەوت نەبوو.

## شایستەی کۆمپانیاکانی نەوت

یەکێکی تر لەو کێشانەی لەم چارەکەدا بەدی دەکرێت ئەو بڕە پارە زۆرەیە کە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنی نەوت لەو ماوەیەدا وەریان گرتووە لەکۆی داهاتی ٥٩٠,٣٤٩,٥٠٤ دۆلار و بڕەکەی ٥٠٠,٥٦١,٤٤٢ دۆلارە کە ڕێژەی ٨٤.٨٪ی هەموو داهاتی نەوت پێک دەهێنێت، و یەک ناگرێتەوە لەگەڵ گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم و شێوازی دابەشکردنی پشکەکان ( خەرجی و قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان). لەچارەکی یەکەمدا بەدرێژی باسی شێوازی دابەشکردنەکە بەپێی گرێبەستەکان و باسای نەوت و گازی هەرێم کراوە. گەر بێتوو خەرجی کۆمپانیاکان لە گەڵ کرێی گواستنەوەی هەرێم و تورکیا ئەژمار بکەین ئەوا ١١١٪ داهات بۆ ئەو سێ خەرجییە چووە لەم چارەکەدا!

بەپێی ئەو دابەشکردنەی کردوومانە لە باشترین باری کۆمپانیاکاندا نابێت لە ٣٠١,١٤٩,٠٨٩ دۆلار زیاتر بێت و دەکرێت زۆر کەمتریش بێت. هەرلەم چارەکەدا وە لەمانگی نیساندا کێڵگەی شێخان کە بەرهەمی نزیکە لە ٣٨هەزار بەرمیلی رۆژانە شایستەی فرۆشی نەوتی سفر بووە، ئەمە بەو بەومانایە نایەت کە بەرهەم نەبووە بەڵکو کوالیتی نەوتەکەی زۆر لەژێر نرخی برێنتەوە دەفرۆشرێت و لە هەندێ کاتدا بە ( -٢٠) لەژێر نرخی برێنتەوە فرۆشراوە. بەپێی دابەشکردنی پشکی کۆمپانیاکان لەگرێبەستی هاوبەشی کردن لە بەرهەمی هەر یەم PSC بڕی ١٩٩,٤١٢,٣٥٣ دۆلار کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی نەوت شایستەی زیادەیان وەر گرتووە.

| دابەشکردنی پشکەکان  بۆ چارەکی دووەم | | |
|---|---|---|
| تێکرای داهاتی بەرهەم لە چارەکی یەکەمدا   ٥٩٠،٣٤٩،٥٠٤  دۆلار | حکومەت | کۆمپانیا |
| مۆڵکانە ١٠٪ | ٥٩,٠٣٤,٩٥٠ | |
| پۆختەی بەرهەم   ٥٣١,٣١٤,٥٥٤ | | |
| خەرجی کۆمپانیاکان تا ڕێژەی ٤٣٪ | | ٢٢٨,٤٦٥,٢٥٨ |
| نەوتی قازانج ٧٠٪ بۆ حکومەت، ٣٠٪ بۆ کۆمپانیا بە پێی فاکتەری R | ٢١١,٩٩٤,٥٠٦ | |
| ٢٠٪ قازانج بۆ هەرێم لە ڕێی کۆمپانیای کێبکۆوە | ١٨,١٧٠,٩٥٧ | |
| قازانجی کۆمپانیای نەوت | | ٧٢,٦٨٣,٨٣١ |
| پشکی لایەنەکان | ٢٨٩,٢٠٠,٤١٥ | ٣٠١,١٤٩,٠٨٩ |
| ڕێژەی سەدی | ٤٩٪ | ٥١٪ |

## کرێی گواستنەوە لەڕێی بۆرییەوە

## پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC)

لەم چارەکەدا کۆی ئەوپارەیەی دراوە بۆ گواستنەوە لە ناوخاکی تورکیادا بریتی بووە لە ( ٧٠,٠٤٢,١٣٧) دۆلار کە بۆ هەربەرمیلێک نەوت  ١.٨٩١ دۆلارە. بەراورد بە چارەکی یەکەم  کرێی ئەم چارەکە زۆر کەمی کردووە  بۆ هەر بەرمیلێک بڕی ١.٣٤ دۆلار کەمی کردووە .

**پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی(TEC)**

| کرێی گواستنەوەی نەوت لە ناو تورکیادا | چارەکی دووەم |
|---|---|
| بڕی نەوتی هەنارد لە ڕێی بۆرییەوە | ٣٧،٠٣٨،٤٦١ |
| پارەی وەرگیراو | ٧٠،٠٤٢،١٣٧ |
| کرێی گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت | ١.٨٩١ دۆلار |

## بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان (KPC ):

کۆی ئەو پارەیەی لەم ماوەیەدا بۆ کرێی بۆری هەرێم  دراوە بریتی بووە لە (٨٤,٨٩٠,٧١٦) دۆلار، کرێی هەربەرمیلێک نەوت بریتی بووە لە ٢.٢٠٥ دۆلار، بەراورد بە کرێی گواستنەوە لەناو تورکیادا  بڕی تەنها ٣١ سەنت زیاترە بۆ هەربەرملێک. بۆیە لێرەدا گریمانەی ئەوە هەیە کە نرخی کرێی تێپەڕینی نەوتەکە پەیوەست بێت بە نرخی فرۆشی بەرمیلێ نەوتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە  ڕێژەیەک دیاری بکرێت بڕوات بۆ کرێی گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت. بۆ ئەم گریمانەیە پشتمان  بە بەرزی و نزمی نرخی نەت و پەیوەندی بە زیاد و کەمی وەرگرتنی کرێی بۆری یەوە بەستووە . کێشەی ئەم گریمانەیە ئەوەیە تا نرخی نەوت بەرز بێت کرێی گواستنەوەی بۆری زیاد دەکات.( بەڵگە لەبەردەست نییە تەنها یەکێکە لە ئەگەرەکان)

### بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان (KPC)

| کرێی گواستنەوەی نەوت لە ناو هەرێمدا | چارەکی دووەم |
|---|---|
| بڕی نەوتی هەنارد لە ڕێی بۆرییەوە | ٣٨،٥٠٢،٠٠٠ |
| پارەی وەرگیراو | ٨٤،٨٩٠،٧١٦ |
| کرێی بەرمیلێک نەوت | ٢،٢٥ دۆلار |

بەپێی خشتەکەی دیلۆیت بڕی (٣١٧,٣٠٤,٤٩١) دۆلار داهات بۆ حکومەت ماوەتەوە لەم چارەکەدا. بەڵام ئەم بڕە داهاتە هەر وەک لە چارەکی یەکەمدا بڕێک پارەی لەگەڵ ئەژمار کراوە کە داهاتی نەوتی فرۆشراو نەبووە بەڵکو بریتییە لە پارەی دراوی پێشەکی دوورخایەن، پارەی نەوتێکە کە لەئاییندەدا ڕادەست دەکرێت نەک لەم چارەکەدا وە بڕەکەی بریتییە لە ٤١٥ ملیۆن دۆلار. گەر کۆی خەرجییەکان لە کۆی فرۆشی نەوت دەربکەین دەبینین ٩٧,٦٩٥,٥٠٩- دۆلارە کە دەکاتە ڕێژەی ١٦.٥٪ کورت هێنان هەبووە، لەو پارەیەی کە بۆ پێشەکی نەوت وەرگیراوە کورتهێنانەکە پڕ کراوەتەوە، بەمانایەکی تر ئەو پارەیەی کە لە چارەکی دووەمدا( ڕاپۆرتی دیلۆیت چ٢) لەبەردەستی حکومەت بووە ئەو بڕەبووە کە لە پێشەکی نەوت ماوەتەوە نەک داهاتی فرۆشتنی نەوت.

| | بڕگەکان | چارەکی دووەم |
|---|---|---|
| ١ | کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری و فرۆشی ناوخۆوە/چارەکی دووەم | ٥٩٠,٣٤٩,٥٠٤ |
| ٢ | گۆرانکاری لە ڕەسیدی حساباتی کڕیارەکان | (٢١,٤٠١,١٩٦) |
| ٣ | سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارەکانەوە | (١١,١٤٩,٠٢٢) |
| ٤ | پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لە بری حکومەت | (٥٠٠,٥٦١,٤٤٢) |
| ٥ | پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی | (٧٠,٠٤٢,١٣٧) |
| ٦ | بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان ( بە گوێرەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان | (٨٤,٨٩٠,٧١٦) |
| ٧ | کۆی خەرجییەکان | ٦٨٨,٠٤٥,٠١٣ |
| ٨ | کۆی ئەو پارەیەی ماوەتەوە لە فرۆشی نەوت بۆ حکومەت (١-٧) | ٩٧,٦٩٥,٥٠٩ - |
| ٩ | ڕێژەی سەدی کە ماوەتەوە | ٪١٦.٥- |

| بەروار | مانگەکان ٢٠٢٠ | بەرهەمی ڕۆژانە | نرخی نەوتی هەرێم | بەرهەم مانگانە | داهاتی مانگانە | تێکرای نرخ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی دووەم | نیسان | ٤١٣,٨٤٧,٠٦٧ | ٥.١٥٩ | ١٢,٤١٥,٤١٢ | ٦٤,٠٥١,١١١ | ١٥.٧٨١ |
| | ئایار | ٤٠٢,١٩٧,٨٣٩ | ١٣.٩٩٣ | ١٢,٤٦٨,١٣٣ | ١٧٤,٤٦٦,٥٨٥ | |
| | حوزەیران | ٤١٧,٤٨٢,٠٠٠ | ٢٨.٠٩٢ | ١٢,٥٢٤,٤٦٠ | ٣٥١,٨٣٧,١٣٠ | |

# چارەگی سێهەم

١ ی تەمموزی ٢٠٢٠ **تاکو** ٣٠ ی ئەیلولی ٢٠٢٠

# چارەکی سێهەم

لەم چارەکەشدا بەهەمان شیوەی چارەکی یەکەم ودووەم نەوتی خاو ڕادەستی وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکان کراوە بۆ پاڵاوتن و بڕەکەی  بریتی بووە لە ٢,٣٨١,٩٧٤ بەرمیل نەوت لە گەڵ ئەو بڕەی کە لە چارەکی یەکەم و دووەمدا وەزارەت وەری گرتووە بۆ پاڵاوتن بەسەریەکەوە دەکاتە  ٥,٩٨٠,٤٨٠ بەرمیل نەوتی خاو.

| نەوتی ڕادەستکراو بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن | بڕ |
| --- | --- |
| چارەکی یەکەم | ٢,١٣٤,٩٦٧ |
| چارەکی دووەم | ١,٤٦٣,٥٣٩ |
| چارەکی سێهەم | ٢,٣٨١,٩٧٤ |
| کۆی سێ چارەک | ٥,٩٨٠,٤٨٠ |
| تێکرای بەرهەمی ڕۆژانە | ٢١,٨٢٧ |

لەم ماوەیەدا نرخی نەوت بەراورد بە چارەکی دووەم بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە تێکرای نرخی نەوت بریتی بووە لە ٣١.٦٦٩ دۆلار کە زۆر نزیکە لە نرخی چارەکی یەکەمی ساڵەوە. هەربۆیە تێبینی دەکرێت داهاتی فرۆشیش  تەنها ٩٨ ملیۆن  و ٧٠٠ هەزار دۆلار کەمترە لە چارەکی یەکەم، بەڵام داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەت لەم چارەکەدا زۆر زیاترە لە چارەکی یەکەم، هۆکارەکەی بۆ  دوو خاڵ دەگەڕێتەوە:

١ -شایستەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی نەوت: بەراورد بە چارەکی یەکەم و دووەم  زۆر کەمترە.

پرسیاری ئەوە دروست دەبێت دەبێت لە سەر چ بنەمایەک شایستەی یەک مانگی کۆمپانیا نەوتییەکان لە چارەکی یەکەمدا بە ئەندازەی هەموو سێ مانگی چارەکی سێهەم و زیاتریشە؟ هەروەها لە چەرەکی دووەمدا سەرەڕای نزمی نرخی نەوت شایستەی بەرهەمهێنەکان لە دوو چارەکەکەی تر زیاترە! کامیان دروستە ئەوەی چارەکی یەکەم  و دووەم یان ئەوەی چارەکی سێهەم؟

٢ -تێبینی دەکرێت کرێی گواستنەوەی نەوت لەڕێی بۆریی کۆمپانیای وزەی تورکی TEC بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ئەمە خاڵێکی ئەرێنییە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیش هێشتا کرێی گواستنەوەی هەربەرمیلێک نەوت  لە ١.٨٩١ دۆلارەوە لە چارەکی دووەمدا بۆ ١.٢١ دۆلار  لە چارەکی سێهەمدا کەمی کردووە.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، بەپێچەوانەی کرێی هێڵی بۆری تورکیا، کرێی بۆری هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی زۆر زیادی کردووە. لە چارەکی دووەمدا کرێی  گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت بریتی بووە لە ٢.٢٠٥ دۆلار، بەڵام لە چارەکی سێهەمدا بەرزبووەتەوە بۆ ٤.٥٧٦ دۆلار کە زیادبوونەکە بە ڕێژەی  ١٠٧٪ ە. ئەم زیادبوونی کرێیە بەو ڕێژە زۆرە جێی پرسیارە و پێویستی بە وەڵامی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و حکومەتی هەرێم هەیە.

لە کۆتایی چارەکی سێهەمدا بڕی ٥٥٣,٤٨٧,٨٠٠ دۆلار کە دەکاتە  ڕێژەی ٤٤.٥٪ی داهاتی فرۆشی نەوت ماوەتەوە بۆ حکومەت کە بەرزترینە لەهەرسێ چارەکەکەدا.

| پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی ((TEC | |
|---|---|
| کرێی گواستنەوەی نەوت لە تورکیادا | چارەکی سێهەم |
| بڕی نەوتی هەناردە لە ڕێی بۆرییەوە | ٣٩,٤٢١,١٠٣ |
| پارەی وەرگیراو | ٤٧,٧١٥,٧١٧ |
| کرێی گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت | ١.٢١ دۆلار |

| بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان (( KPC | |
|---|---|
| کرێی گواستنەوەی نەوت لە ناو هەرێمدا | چارەکی سێهەم |
| بڕی نەوتی هەناردە لە ڕێی بۆرییەوە | ٤١,٨٠٣,٠٧٧ |
| پارەی وەرگیراو | ١٩١,٢٧٣,٢١٢ |
| کرێی گواستنەوەی بەرمیلێک نەوت | ٤.٥٧٦ دۆلار |

| | بڕگەکان | چارەکی سێهەم |
|---|---|---|
| ١ | کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری و فرۆشی ناوخۆوە | ١,٢٤٣,٥٢٦,٥٧١ |
| ٢ | گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان | (٢٦,٢٥٥,٣٠٠) |
| ٣ | ڕسووماتی سوود | (٣,٢٩٩,٥٣٣) |
| ٤ | پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لە لایان یان لە بری حکومەتی هەرێم | (٤٢١,٤٩٥,٠٠٩) |
| ٥ | پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی | (٤٧,٧١٥,٧١٧) |
| ٦ | بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆری کوردستان ( KPCبەگوێرەی ڕیککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان) | (١٩١,٢٧٣,٢١٢) |
| ٧ | کۆی خەرجییەکان | ٦٩٠,٠٣٨,٧٧١ |
| ٨ | کۆی ئەو پارەیەی ماوەتەوە لە فرۆشی نەوت بۆ حکومەت ( ١-٧) | ٥٥٣,٤٨٧,٨٠٠ |
| ٩ | ڕێژەی سەدی کە ماوەتەوە | ٪٤٤.٥ |

# کرۆکی کێشەکان

١ -لە چارەکی یەکەمدا تێبینیمان کرد تێکرای نرخی نەوت ١.٨١دۆلار کەمتر لەوەی هەیە ئەژمار کراوە و بڕی جیاوازیەکە دەکاتە (٧٦,٩٠٢,٢٨٨) دۆلار، دەبێت ئەم پارەیە بۆ کۆی داهات زیاد بکرێت. وەکاتێک ئەژمار نەکراوە بۆ کوێ چووە؟

٢ -هەر لە چارەکی یەکەمدا لەبەرئەوەی شایستەی مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات نەدراوە بە کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکانی نەوت، کەواتە ئەو بڕە پارەیەی دراوە بەو کۆمپانیایانە تەنها شایستەی مانگی ئازارە و ئەوبڕەش وەکو باسمان کردووە لە شیکردنەوەی چارەکی یەکەمدا زۆرە بەپێی گرێبەستەکان، دەبوایە بەلایەنی زۆرەوە (١٠٢,٣٠٥,٩٥٨) دۆلارە بوایە، بەڵام بڕی ٤٢٧,٤٩٨,٣٩٣ ملیۆن دراوە بە کۆمپانیاکان، ئەو بڕە زیادەیە دەکاتە (٣٢٥,١٩٢,٤٣٥) دۆلار. ئەو شێوازە لەمامەڵە لەگەڵ داهات و شایستەکاندا پرسیاری زۆر هەڵ دەگرێت .

٣ -لە چارەکی دووەمدا دیسان شایستەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکان بەپێی گرێبەستەکان زۆر لەو بڕە کەمترە کە پێیان دراوە لەو ماوەیەدا. کۆی(٥٠٠,٥٦١,٤٤٢) دۆلاریان وەرگرتووە لەکاتێکدا بەپێی شیکردنەوەکانمان بۆ چارەکی دوو وە بەو زانیاریانەی لەبەردەستمانە سەبارەت بەو شایستانەی کۆمپانیا نەوتییەکان وەریان گرتووە زۆر لەو بڕە کەمترە وە دەردەکەوێت لە باشترین باردا بۆ کۆمپانیاکان نابێت لە (٣٠١,١٤٩,٠٨٩) دۆلار زیاتر وەربگرن. کەواتە لە شایستەی کۆمپانیاکاندا بڕی (١٩٩,٤١٢,٣٥٣) دۆلار زیادە دراوە بە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنی نەوت .

لەماوەی هەردوو چارەکەکەدا کۆی داهاتی نەوتی فرۆشراو بریتی بووە لە ١,٩٣٢,٦١٠,١٥٠ دۆلار، کۆی جیاوازی ئەو داهاتەی دەبوایە بگەڕایەتەوە بۆ حکومەت و نەگەڕاوەتەوە لە خاڵەکانی (٣,٢,١)بریتی بووە لە ٦٠١,٥٠٧,٠٧٦ دۆلار، واتە ڕێژەی ٣١٪ی هەموو داهاتی ئەو شەش مانگەی سەرەتای ٢٠٢٠ .

چۆن ئەمە بەسەر دیلۆیتدا تێپەڕیوە؟ لە کاتێکدا دیلۆیت پسپۆڕی وردبینییە، وردبینێش بەشیکی هەرەزۆریی مامەڵەیە لەگەڵ ژمارەدا. ئامانجی وردبینی دەبێت دۆزینەوەی بۆشایی و هەڵەی ژمێریاری و پارەی ونبوو بێت.

لێرەدا پرسیار لەسەر چۆنیەتی کارکردنی دیلۆیت دروست دەبێت، چاوەڕێی دۆزینەوەی هەڵە و دیار نەمانی پارەیان لێ دەکرێت نەوەک خۆیان هەڵەی ژمێریاری بکەن! لەسەر چ بنەمایەک ووردبینیان بۆ شایستەی کۆمپانیاکان کردووە و دەیکەن؟ دەبێت گرێبەستەکان بکرێن بە بنەما، یاخود دیلۆیت گرێبەستەکانی لەبەردەست نەبووە!

**دیلۆیت لە پێشەکی ڕاپۆرتەکانیدا دەڵێت:**

> ٣.١" *ڕێکارەکانی ئێمە بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێکهاتبوون لە وردبینیکردنی هەناردەکردن و تۆماری فرۆشتنەکان، ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی پێویست، وردبینیکردنی تۆمارەکانی پێوانەی بەرهەمهێنان، داواکردنی زانیاری لە کۆمپانیاکانی نەوت، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری دیکەی پێویست*".

> ٦.١" *وردبینی ئێمە و دروستی و تەواوی زانیارییەکان پشت دەبەستێت بە بەڵگەنامەی پێشکەشکراو لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە (بەرهەمهێنەرانی نەوت، پاڵاوگەکان، بازرگانانی فرۆشی نەوت، بەکارخەری بۆری نەوت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لەسەر بنەمای دروستی و تەواویی زانیارییەکان*".

بەپێی ئەو لێدوانانەی دیلۆیت لە پێشەکی هەرڕاپۆرتێکدا ئاماژەی پێکردووە دەبێت سەیری هەموو ئەو زانیاریانەی کردبێت کە لەسەر بنەمای هەر لایەنێکی خاوەن بەرژەوەندی لە پرۆسەکەدا پشتی پێ دەبەستێت بۆ وەرگرتنی شایستە و داهاتەکان. لە بابەتی ئەم وردبینییەدا بەشێکی زۆری خۆی لە گرێبەستەکانی نێوان لایەنە پەیوەندی دارەکان دا دەبینێتەوە و دەبنە بنەما. بۆ

نمونە شایستە و پشکی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوت لەگەڵ حکومەتدا گرێبەستەکان یەکلایی دەکاتەوەو چوارچێوە و ڕێژەکەی دیاری دەکات .

دیلۆیت بۆ ئەوەی خۆی لەوەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک بپەڕێنێتەوە، لە خاڵی ٧.١ی تێبینییەکانیدا دەڵێت:

> *"ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکراوە بۆ ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و (دیلۆیت) بەرپرسیار نییە لە بۆچوون یان خستنە ڕووی هەر نادروستییی، کەموکوڕی یان هەڵەیەک لە زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا لە بەرامبەر هەر لایەنێکی سێیەم، و (دیلۆیت) بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، و هیچ لایەنێک، جگە لە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، مافی پشتبەستنی بەم ڕاپۆرتە نییە، بۆ هەر مەبەستێک بێت".*

ئەگەر هیچ لایەنێک بۆی نەبێت کەم و کوڕی و نادروستییەکانی بخاتە ڕوو، هەروەها دیلۆیت لەهەمو ڕاپۆرتەکانیدا یەک شت دوپاتکاتەوە، هەموو زانیارییەکان تەواوە و کەس مافی پشت بەستنی بەم ڕاپۆرتانە نەبێت ئەی حکومەتی هەرێم بۆ بڵاوی دەکاتەوە؟

دوای ئەوەی هەڵەی ژمێرەیی (حسابی) لە یەکێک لە ٤ گەورەترین کۆمپانیاکانی وردبینی جیهان ببینرێت و بڕیکی زۆر داهات ون ببێت بەهۆی ئەو هەڵەیەوە، هەروەها پێشێل کردنی زەقی گرێبەستەکان کرابێت سەبارەت بە شایستەی کۆمپانیا بەرهەم هێنەکانی نەوت کە ڕێژەی ٣١٪ ی هەموو داهاتی شەش مانگی فرۆشی نەوت پێک بهێنێت، لەگەڵ ئەوانەشدا دیلۆیت لە ڕاپۆرتەکانیدا بڵێ هیچ "بەیانێکی نادروستمان بەدی نەکرد" بەپێی ئەوزانیاریانەی دیلۆیت لە ڕاپۆرتەکانیدا خستویەتە ڕوو وە ئەو شیکردنەوانەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەماندا کردوومانە مسداقیەتی دیلۆیت و ڕاپۆرتەکانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە؟

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چەند ساڵێک لەمەوپێش دەقی زۆرێک لەگرێبەستەکانی نەوتی بڵاوکردووەتەوە و لەبەردەستی ئێمەیە و دوای لێکۆڵینە و بەراورد کردنی بە گرێبەستەکان بەو ئەنجامانە گەشتویین .

لە ڕابوردودا پرسیار لە سەر کارەکانی دیلۆیت هەبووە و ئێمە لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٩ دا هەندێک ئەو کێشانەی دیلۆیت لە دادگا هەیبووە خستومانتە ڕوو. هەروەها ڕاپۆرتێکی ئیندی پێندتی بەریتانی دەڵێت: *"گەورە کۆمپانیا بەریتانییەکان شکستیان هێناوە لە وەی بەکوالێتییەکی بەرز وردبینی بۆ بەیانە ژمێرارییکان بکەن"* هەروەها دەستەی چاودێری ژمێریاری بەریتانیا دەڵێت" *هیچ کام لەو چوار کۆمپانیا گەورە جیهانیە نەیانتوانیوە بگەن بەو ئامانجەی کە کە لەوردبینید بە وردبینییەکی باش هەڵدەسەنگێنرێت ئەویش ڕێژەی٩٠٪ە*". دوو لەو کۆمپانیایانە دیلۆیت و ئی ئاند واین لە کوردستان کاری وردبینی دەکەن. هەروەها ڕاپۆرتێکی تری بی سی بەریتانی باسی ئەو چوار گەورە کۆمپانییەی وردبینی دەکات کە دیلۆیتیش یەکێکە لەوانە دەڵێت کە کێشەی گەندەڵی و فێڵ نادۆزنەوە لە وردبینییەکانیاندا.

ئەگەر دیلۆیت خۆی بە بەرپرس نازانێت بەرانبەر هەر نادروستییەک لە ڕاپۆرتەکەیدا هەبێت تەنانەت بەرانبەر پەرلەمانیش کەواتە ڕووی پرسیارمان دەکەینە ئەنجومەنی نەوت و گاز و ئەولایەنانەی زانیاریان بەدیلۆیت داوە و دەپرسین، ڕوونکردنەوەتان بۆ ئەم هەڵە زەقانە چییە؟ ٦٠١ ملیۆن و ٥٠٧ هەزار دۆلار ڕێژەیەکی کەم نییە، ئەو ڕێژەیە زیاترە لە داهاتی فرۆشی هەموو نەوتی چارەکی دوو (٢). گەر دیلۆیت بەرپرس نییە بەرانبەر هیچ لایەک جگە لە ئێوە، خۆ ئێوە بەرپرسن بەرانبەر خەڵک وپەرلەمان.

پەرلەمان وەکو باڵاترین دەسەڵاتی چاودێری و لێپرسینەوە پێویستە ئەم خاڵانەی لەم لێکۆڵینەوەی ئێمەدا هەیە بەهەند وەری بگرن و بەدواداچونی جدی بۆبکەن و دانیشتنی پەرلەمانی بۆتەرخانبکەن بۆ لێپرسینەوە تاوەکو بەڕاستییەکان دەگەن .

داواکاری گشتیی بەرپرسە لە پارێزگاری لە موڵک و سامانی گشتی و لەیاسای ٥٩ ی ساڵی ١٩٧٩ دا لە مادەی یەک و لەیەکێک لەئامانجەکانیدا دەڵێت "ئامانجمان پاراستنی سەروەت و سامانی گشتییە" لەم ڕوانگەیەوە و بەپێی یاسا هەر کردەیەک ببێتە

زیان گەیاندن بە ماڵ و سامانی گشتی  داواکاری گشتی مافی ئەوەی هەیە بەدواداچوونی بۆ بکات، گەر دەرکەوت تاوانێک ئەنجام دراوە  دەتوانێت وەک و مافێکی خۆی سکاڵای سزایی لەسەر ئەو کەس و لایەنە بجوڵێنێ  کە بووەتە هۆی بەهەدەر دان  و زیان گەیاندن بە ماڵی گشتی.

٤ -دوو گوژمەی تری پارە هەیە داهاتی فرۆشی نەوت نییە بەڵام داهاتێکە لە بەردەستی حکومەتە بەجۆرێک لە جۆرەکان وەکو قەرز وایە و دیلۆیتیش لە تێبینییەکانی ڕاپۆرتەکەدا هەر بە قەرز ناوی هێناوە. لە چارەکی یەکەمدا (٤٩٨,٦٦٦,٦٠٥) دۆلارە وە لە چارەکی دووەمدا ( ٤١٥,٠٠٠,٠٠٠) دۆلارە  بەسەر یەکەوە دەکاتە  (٩١٣,٦٦٦,٦٠٥) دۆلار، ئەم بڕە زیاد بووە بۆ ئەو قەرزانەی لای حکومەتە لە فرۆشی نەوتی پێشوەخت و حسابی کڕیارەکان. واتە بە ڕێژەی ٤٧٪ ی کۆی فرۆشی نەوت قەرز زیادی کردووە .

٥ -لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ دا بە پێ ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت بۆ ئەوساڵە، کۆی ڕەسیدی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک قەرز بۆ بەرژەوەندی کڕیارەکان بریتی بووە ٣,٤٤١,٤٧٩,٢٩٦ دۆلاری ئەمریکی. لە ماوەی چارەکی یەکەمی ٢٠٢٠دا بڕی ٤٩٨,٦٦٦,٦٠٥ ملیۆن دۆلار خراوەتە سەر ڕەسیدی کڕیارەکان. سەرئەنجام لە کۆتایی ئەو چارەکەدا کۆی ئەو قەرزەی لاحکومەتە بووە بە ٣,٩٤٠,١٤٥,٩٠١  دۆلار، ئەم بڕە   گوازراوەتەوە بۆ بالانسی  کڕیاران لەچارەکی دووەم.

بڕی ٤١٥ ملیۆن دۆلار لە چارەکی دووەمدا پارەی نەوتی دورخایەن لەلایەن حکومەتەوە لەکڕیارەکان وەگیراوە، بۆیە بالانسەکە بووە بە ٤,٣٥٥,١٤٥,٩٠١ دۆلار. هەر لە چارەکی دووەمدا بڕی ٢١,٤٠١,١٩٦ ملیۆن دۆلاری لە باڵانسی ڕەسیدی حساباتی کڕیاران دەرچووە، لە ئەنجامدا بڕی باڵانسی قەرزی حکومەت لای کڕیارەکان بریتی بووە لە ٤,٣٣٣,٧٤٤,٧٠٥  دۆلار گوازراوەتەوە بۆ چارەکی سێهەم.

 لەچارەکی سێهەمدا بڕی ٢٦,٢٥٥,٣٠٠  ملیۆن دۆلار لە باڵانسی ڕەسیدی حساباتی کڕیاران  دەرچووە. لەکۆتایی چارەکی سیهەم بڕی  ٤,٣٠٧,٤٨٩,٤٠٥ ڕەسیدی قەرزی گوازراوەی کڕیارانی نەوتە لای حکومەت  و دەگوازرێتەوە بۆ چارەکی چوارەم.

سەبارەت بەو پارەیەی کە لە ٢٠١٩ دا  لەلوبنان نەگەڕێنرابووە وە تائێستاش ئەو پارەیە هەر لەبانکی لوبناندایەوە بڕی ٢٤,٢٠٢,٤٨٧ ملیۆنی لێ خەرج کراوە  و ئەوەی ماوەتەوە  ٢٩٤,٣٨٨,٢٣٢ دۆلار ماوەتەوە. ئەم قەرزانەی ساڵانە زیاد دەکەن لەبری ئەوەی کەم بکەن ، تاکەی بەردەوام دەبێت؟

٦ -وەک  تێبینی کرا لە شیکردنەوەکانماندا کرێی گواستنەوەی نەوت لەڕێی بۆری تورکیا وە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، بەڵام کرێی بۆری هەرێم لەگەڵ ئەوەی کە بەردەوام لەکرێی تورکیا زیاترە دوای ئەوەی لە چارەکی دووەم دا لە کەم دەکات بەڵام لەچارەکی سێهەمدا بەڕێژەیەکی زۆر زیاد دەکات. هەرمیلێک لە ٢.٢٠٥ دۆلارەوە لە چارەکی دووەم  بۆ ٤.٥٧٦ دۆلار لەچارەکی سێهەمدا بەرز دەبێتەوە، کە زیادبونی    ٢.٣٧١ دۆلارە بۆ بەرمیلێک. ئەم زیاد کردنە جێی پرسیارە و  دەبێت کرێی بۆری هەرێم لەسەر چ بنەمایەک دیاری بکرێت؟  تائێستا خاڵی دەستپێکردنی بۆری نەوتی هەرێم  لە  کێڵگەی تەقتەقەوەیە کە بەرهەمی چەند ساڵێکە لە ١٣ هەزار بەرمیل تێنەپڕیوە و ئێستا لە ٨ هەزار بەرمیلدایە و دورترین خاڵە لە تورکیاوە و درێژی بۆرییەکە لە کێڵگەکەوەتا تیرمیناڵی سەرکی نەوت لەفیشخاپۆر ٢٥٠ کیلۆمەترە.  نزیکترینیش لە کێڵگەی تاوکی و پیشخاپورە کە تەنها چەند کیلۆمەترێک دوورە لە خاڵی داخڵ بوون بە بۆری گواستنەوەی تورکیا و بەرهەمی ١١٥ بۆ ١٢٠ هەزار بەرمیل دەبێت و کێڵگەکانی سەرسەنگ، شێخان و ئەتروش لە پارێزگای دهۆکن و نزیکن لە خاڵی داخڵ بەوونی بۆری تورکیاوە. کێڵگە بەرهەم هێنەکانی تر(کێڵگەی خورمەڵە و هەولێر و گەرمیان)لە خورمەڵە لە پارێزگای هەولێر داخڵی بۆری دەبن و دورییەکەیان لە سنورەوە بە ١٨٠ کیلۆمەتر مەزەندە دەکرێت. لەسەر بنەمای دوری خاڵی گواستنەوە دەبێت کرێی ناو هەرێم لە نیوەی کرێێ تورکیا کەمتربێت.




سەرچاوەی نەخشە، بەڕێوبەرایەتی زانیاری وزەی ئەمریکی - EIA

٧ -لەم ڕاپۆرتانەی ئەم سێ چارەکەی ٢٠٢٠دا هەروەک ڕاپۆرتەکانی پێشوو بڕێک نەوت ڕۆژانە و مانگانە دراوە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن بەڵام وەکو لە تێبینییەکانمان لەسەر چارەکی یەکەم باسمان کرد هیچ نازانرێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ کراوە؟ لە کاتێکدا گەر ئەم بڕە کە کۆی ٥،٩٨٠،٤٨٠ بەرمیلە بفرۆشرایە و تەنانەت گەر بە ٣ دۆلاریش کەمتر لە نرخی نەوتی هەریم لەبەر قورسییەکەی بفرۆشرایە ئەوا زیاتر لە ١٤٠ ملیۆن دۆلار داهاتی هەرێم زیادەبوو. ئایا لە ڕیی پاڵاوتنەوە بەرهەمە نەوتییەکانەوە چەند داهاتی هەبووە؟

٨- نزیکەی پێنج ساڵ بەسەر گرێبەستەکەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیای ئی ئاند وای (E&Y)دا تێدەپەڕێت، بۆ وردبینی لە داهاتی پاداشتە نەوتییەکان (شیرینیە نەوتییەکان) چ پاداشتی ئیمزاکردن بێت یان پاداشتی بەرهەم هێنان یان پاداشتی گەیشتن بەئاستێکی دیاری کراو لەبەرهەم یاخود پاداشتی پەرەپێدانی تواناکان کە بڕە پارەیەکی زۆر وەرگیراوە وەکو پاداشت و گومانی بەهەدەردانی زۆر دەکرێت تیایدا، بڕیارە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ گرێبەستەکە کۆتایی بێت. ئایا جێی پرسیار نییە کە دوای ئەو هەموو ساڵە و دوای ئەوەی کۆمپانیای دیلۆیت وردبینی سێ ساڵ و ٩ مانگ تەواو دەکات، بەڵام تەنها بە ڕستەیەکیش باسی وردبینی شیرینییە نەوتیەکان نەکراوە؟ ئایا لەم ماوەیەدا ئی ئاند وای E&Y چی کردووە؟

پرسیارێکی تر ئەوەیە کە پاداشتە نەوتییەکان (شیرینییەکان) بەشێکە لە داهاتی نەوت کە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنی نەوت دەیدان بەحکومەت، بۆ جیا کراوەتەوە لە وردبینی دیلۆیت؟ گەر وەڵامەکە ئەوە بێت کە ئەم داهاتە بۆ داموو دەزگا جیاکانی حکومەت خەرج کراوە، بۆئەوەی بە خێراتر پرۆسەی وردبینییەکە ئەنجام بدرێت و تێکەڵ نەکرێت، ئایا چوار ساڵ و نیو بەس نیە بۆئەوەی وردبینی تەواو بکرێت؟ ئەی بۆچی پەرلەمان بێدەنگە و داوای ئەو ڕاپۆرتانە ناکات؟ ئێمە لە ڕوونبین لە خولی پێشودا پرسیارمان لە پەرلەمان و حکومەت کردووە و لە ڕاگەیاندنەکان بەردەوام ئەو باسەمان وروژاندووە بەڵام سەیرە هەموان بێدەنگی هەڵدەبژێرن لەکاتێکدا بانگشەی شەفافییەت دەکرێت و یاسایەکیش هەیە کە مافی دەستکەوتنی زانیاری دەدات بە هاوڵاتی، و لە پەرلەمان دەرچووە (یاسای ژمارە ١١ ساڵی ٢٠١٣) وبەتایبەت لەمادەی پێنجی یاساکەدا هاتووە کە دەڵێت:

> *"هەمووکەسێک مافی ئەوەی هەیە کە داوا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێشکەش بکات ئەگەر ئەو بەڵگەنامەیەی کە زانیاریە داواکراوەکانی تێدایە لای ئەم دام و دەزگایەبێت کە داواکەی ئاڕاستەکراوە ئەوا پێویستە دانەیەک لەو بەڵگەنامەیەی پێ بدات ."*

پێویستە حکومەت وەڵام گۆی ئەو پرسیارانەبێت کە لەسەر وردبینی ئی ئەند وای دەکرێت و پێمان بڵێت ئەو ڕاپۆرتانە بەکوێ گەشتوون؟

٩ -یاسایی ژماره (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) دیوانی چاودێری كه له  له هه‌شت به‌ش و ٢٥ مادده‌دا  پێک دێت ئه‌رک و ده‌سته‌ڵاته‌كان و  چوارچێوه‌ی كاركردنی  ده‌زگاكه‌ی دیاری كردووه‌.

له‌مادده‌ی یازده‌ی یاساكه‌دا هاتووه‌: "دیوانی چاودێری مافی بینینی هه‌مو به‌ڵگه‌نامه‌ و دۆسیه‌كانی مامه‌ڵه‌پێكراو نهێنیه‌كانی هه‌یه‌، كه‌ په‌یوه‌ندیان به‌ كاری داراییه‌وه‌ هه‌یه‌، ته‌نانه‌ت ئه‌و به‌ڵگه‌نامانه‌ی  له‌ نێوان سه‌رۆكی هه‌رێم و سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌وه‌ هه‌یه‌، ده‌بێت سه‌رۆكی دیوان ئاگاداربكرێت بۆ زانینی زانیاریی و ده‌ربڕینی ڕای خۆی".

هه‌روه‌ها له‌ مادده‌ی دوازده‌دا ده‌ڵێت "پێویسته‌ ده‌زگاكانی هه‌رێم هه‌موو گرێبه‌ست وبه‌یانامه‌ی  قه‌رز و به‌خششه‌كانی كه‌ چنگی  ده‌كه‌ون له‌ ماوه‌ی مانگێک دا بۆ دیوانی بنێرێت به‌ مه‌به‌ستی به‌ دواداچوون وده‌ڕبڕینی تێبینی پێویست له‌باره‌یانه‌وه‌".

له‌ مادده‌ی سیازده‌دا: به‌ پێ ئه‌م مادده‌یه‌ ئه‌م خاڵانه‌ به‌ سه‌رپێچی  دارایی داده‌نرێت.

١ -پابه‌ندنه‌بون به‌ یاسا و بڕیارو په‌یڕه‌و ڕێنماییه‌ داراییه‌كان.
٢ -به‌فیڕۆدانی دارایی گشتی یان زیان گه‌یاندن به‌ ئابوری.
٣ -شاردنه‌وه‌ی په‌ڕاو دیكۆمێنت و ئه‌و تۆمارانه‌ی بۆ كاری چاودێری وردبینی پێویسته‌.
٤-وه‌ڵام نه‌دانه‌وه‌ی نوسراوه‌كانی دیوانی چاودێری دارایی.

دیوانی چاودێری دارایی وه‌كو ده‌زگایه‌كی چاودێر به‌سه‌ر هه‌موو دامو ده‌زگاكانی حكومه‌ته‌وه‌ كه‌ وه‌زاره‌تی سامانه‌ سروشتییه‌كانیش به‌شێكه‌ لێی  تائێستا هیچ ڕۆڵێكی نییه‌ له‌ چاودێری كردنی كاروباری ئه‌م وه‌زاره‌ته‌  و ردبینی كردن بۆ خه‌رجی وداهات و ته‌نانه‌ت هێشتا گرێبه‌سته‌ نه‌وتییه‌كانیشی نه‌بینیوه‌.

له‌ داوی ئه‌وه‌ی له‌ ٤ی  حوزه‌یرانی  ٢٠٢٠ دا  به‌ نوسراوی ژماره‌ ١٥٤ "حكومه‌ت ڕاپۆرتی تایبه‌تی قه‌رز و پابه‌ندییه‌ داراییه‌كانی ئاراسته‌ی دیوانی چاودێری كرد به‌مه‌به‌ستی  وردبینی و پێداچونه‌وه‌   بۆ ئه‌وه‌ی له‌ زووترین كاتدا بخرێته‌ به‌رده‌ستی په‌رله‌مانی كوردستان و ڕای گشتی ".

دیوانی چاودێری دارایی له‌ به‌رواری ٥ی ته‌موزی ٢٠٢٠ له‌وه‌ڵامی ئه‌و ڕاپۆرته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران كه‌وێنه‌یه‌كی له‌به‌رده‌ستی ئێمه‌ دایه‌ به‌ ٩ لاپه‌ڕه‌ وه‌ڵامی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران ده‌داته‌وه‌، له‌ به‌شێكیدا ده‌ڵێت: "سه‌باره‌ت به‌ بڕی ٣،٦٦١،٤٧٨،٢٩٦ دۆلار كه‌ له‌ چه‌ند كۆمپانیایه‌كی كڕیاری نه‌وت وه‌رگیراوه‌ وه‌ک پێشه‌كی نرخی فرۆشی نه‌وت، ئه‌م گوژمانه‌ به‌هیچ شێوه‌یه‌ک  ناچنه‌ چوارچێوه‌ی قه‌رزه‌وه‌ به‌ڵكو له‌ ڕوی ژمێریارییه‌وه‌ ناوزه‌د ده‌كرێت به‌ (ایرادات مستلمة  مقدما)"

هه‌روه‌ها  له‌ڕاپۆرته‌كه‌ی چاودێری دارایدا له‌ تێبینی سه‌باره‌ت به‌ پابه‌ندیه‌ داراییه‌كانی وه‌زاره‌تی سامانه‌ سروشتییه‌كان ده‌ڵێت: به‌ مه‌به‌ستی به‌دواداچون بۆ ئه‌و گوژمه‌یه‌   ده‌سته‌كه‌مان له‌ ڕۆژانی ٩،١٠،١١،١٤،١٥،١٦ی مانگی ٦ی ٢٠٢ دا سه‌ردانی فه‌رمانگه‌ی هه‌ماهه‌نگی له‌ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی كرد، به‌ڵام به‌رپرسی ئه‌م فه‌رمانگه‌یه‌ هیچ زانیاری له‌ سه‌ر ئه‌م گوژمه‌یه‌ له‌ به‌رده‌ست نه‌بوو، پێی ڕاگه‌یاندین زانیارییه‌كان لای سكرتێری ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌. دوای هه‌فته‌یک له‌ ٢٠٢٠/٧/٢٨ دا سكرتێرمان بینی و لای خۆیه‌وه‌ به‌ڵێنی دا هه‌وڵ بدات بۆ  ئاماده‌كردنی به‌راییه‌كانی ئه‌م گوژمه‌یه‌، به‌ڵام تا ئاماده‌كردنی ئه‌م ڕاپۆرته‌ هیچ به‌راییه‌ک نه‌خرایه‌ به‌رده‌ستمان".

هه‌ر وه‌ها سه‌باره‌ت به‌ "ته‌رخانكردنی پاره‌ له‌لایه‌ن وه‌زاره‌تی سامانه‌ سروشتییه‌كانه‌وه‌ ڕاسته‌وخۆ  بۆ وه‌زاره‌ته‌كان پێچه‌وانه‌ی گشت بنه‌ما كارگێڕی و دارایی و ژمێریاری یه‌كانه‌. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی وه‌زاره‌تی دارایی و ئابووری تاكه‌ لایه‌نه‌ بتوانێت پاره‌ ته‌رخان بكات  بۆ سه‌رجه‌م وه‌زاره‌ته‌كان و دام و ده‌زگاكانی هه‌رێم”

ئه‌گه‌ر بڕیاره‌ چاودێری دارایی ڕای خۆی بڵێت و ڕۆڵێكی دوای ئه‌و هه‌موو ساڵه‌ پێبدرێت چۆن زانیاری ناخرێته‌ به‌رده‌ست تا ڕای خۆی له‌سه‌ر ده‌ربڕێت؟ هه‌ڵسه‌نگاندن بۆچی بكات كه‌ گرێبه‌ست و به‌راییه‌كانی له‌به‌رده‌ست نه‌بێت؟

# داهاتی نەوتی هەرێم لە ڕێی بەغداوە

## ڕادەستکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بە سۆمۆ

نەوتی هەرێمی کوردستان و عێراق لە سەر بنەمای نەوتی خاوی برێنت دەفرۆشرێت کە بێنچ مارکێکی جیهانییە و دوو لەسەر سێی بەرهەمهێنەرانی نەوتی جیهان وەکو بنەمایەک بۆ دیاری کردنی نرخی نەوت بەکاری دێنن. نەوتی خاوی برێنت یان خاوی دەریای باکوور بە نەوتێکی سوک و شیرین ئەژمار دەکرێت سوکە چونکە چری کەمە و شیرینە چونکە لە پێکهاتەکەیدا ڕێژەی گۆگردی کەمە.

چەند ساڵێکە حکومەتی عێراق داوای ڕادەستکردنی بەشێک لە بەرهەمی نەوت دەکات وبەدیاری کراوی بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە. لەگەڵ ئەوەی هەرێم بەردەوام ئامادەیی پابەندبونی نیشانداوە بەڵام بەکردەیی هیچ بڕەنەوتێکی رادەست نەکردووە، بەڵکو هاوتای ئەو بڕە لە بوجەی هەرێم بردراوە.

مشتومڕی ئەوە هەیە کە هەرێم ئامادەیە داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیل ڕادەست بکات نەک بڕی ٢٥٠ هەزار، بەمانایەکی تر هەولێر خۆی نەوتەکە دەفرۆشێت و داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە ڕادەستی بەغدا دەکات. هەمان شت لەپرۆژە یاسای بوجەی ٢٠٢١ داجێگیر کراوە کە هەرێم بەهای (اقیام) ئەو بڕە ڕادەست بکات. ئێستا داوای داهاتی ئەوبڕە بەنرخی فرۆشی سۆمۆ دەکرێت، زۆر جار باسی ڕادەستکردنی هەموو بەرهەمی نەوتی هەرێمیش دەکرێت.

جیاوازی داهاتی نەوت و رادەست کردنی نەوتەکە چییە؟ بۆ بەغدا چەند گرنگە نەوت ڕادەستبکرێت نەک داهاتی نەوت؟

ئایا ئەوەندە داهاتێکی زۆر دەگەڕێتەوە و سودێکی دارایی زۆر بە بەغدا دەگەیەنێت؟ یان پرسێکی سیاسیە؟ بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستمان بەشیکردنەوەی داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیلە. بەپێی ڕاپۆرتی دیلۆیت لەو ٢٥٠ هەزار بەرمیلە هەرێم چەند داهاتی هەیەو چەند گەڕاوەتەوە ؟

گەر سۆمۆ بڕی ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیلە بفرۆشێت، ئەوا لە پرۆژە یاسای بوجەدا هاتووە کە کرێی گواستنەوەی ئەو بڕە دەکەوێتە سەر سۆمۆ، بەڵام شایستەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکان لە داهاتی ئەو نەوتە نادرێت. ئەوکات کۆی بڕی ئەو نەوتە لەڕێیی سۆمۆوە دەفرۆشرێت بۆ ئەو ٩مانگە بریتیە لە ٦٨.٥ ملیۆن بەرمیل و داهاتەکەشی دەکاتە (٢,٥٢٨,٠٣٨,٧٥٠) دۆلار. بەپێی ئەوبەدواداچونەی کە بۆ فرۆشی نەوتی کەرکوکمان کردووە لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکیاوە کۆمپانیای سۆمۆ بەتێکڕا هەربەرمیلێک نەوت بە یەک (١) دۆلار کەمتر دەفرۆشێت لە نرخی نەوتی بەسرە. هەروەها هەرێمی کوردستان لەماوەی ٩ مانگی ٢٠٢٠ دا بەتێکڕا ٥.٧٢ دۆلاری بۆ کرێی گواستنەوەی نەوت لە ناو هەرێم و تورکیادا داوە، گەر داشکاندن و کرێی گواستنەوە لە کۆی داهات دەربەکەین ئەوا بەڕوونی دەبینین ٤٦٠ملیۆن و ٣٢٠ هەزار دۆلار لە داهات کەم دەکات، ئەوکات بڕی ٢ملیار و ٦٧ ملیۆن و ٧١٨ هەزار دۆلار بۆ سۆمۆ دەمێنێتەوە دەکرێت نرخەکە جیاواز بێت لەگەڵ نەوتی کەرکوک چوونکە هەموو بەرهەمی کێڵگەکانی هەرێم داخڵی بۆری هەرێم دەکرێن و کوالێتی جۆری نەوتەکە دێنێتە خوارەوە و نرخەکەی لە جیهان لەسەر چرییەکەی API و ڕێژەی گۆگرد دیاری دەکرێت ئێمە لەم بەراوردەدا بەگریمانەیی وەکو نەوتی کەرکوک دامان ناوە بۆ سۆمۆ.

| سۆمۆ : فرۆشی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مانگەکان ٢٠٢٠ | بەرهەمی ڕۆژانە | نرخی نەوتی سۆمۆ | بەرهەم مانگانە بەرهەمی ڕۆژانە * ژمارەی ڕۆژ لە مانگدا | داهاتی مانگانە ( ١ * ٣ ) |
| کانوونی دووەم | ٢٥٠،٠٠٠ | ٦٠.١٣٩ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ٤٦٦,٠٧٧,٢٥٠ |
| شوبات | ٢٥٠،٠٠٠ | ٤٩.٢٣٢ | ٧,٢٥٠,٠٠٠ | ٣٥٦,٩٣٢,٠٠٠ |
| ئازار | ٢٥٠،٠٠٠ | ٢٨.١٨٢ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ٢١٨,٤١٠,٥٠٠ |
| نیسان | ٢٥٠،٠٠٠ | ١٤.٦٣٩ | ٧,٥٠٠,٠٠٠ | ١٠٩,٧٩٢,٥٠٠ |
| ئایار | ٢٥٠،٠٠٠ | ٢١.٤٥٠ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ١٦٦,٢٣٧,٥٠٠ |
| حوزەیران | ٢٥٠،٠٠٠ | ٣٣.٩٨٤ | ٧,٥٠٠,٠٠٠ | ٢٥٤,٨٨٠,٠٠٠ |
| تەموز | ٢٥٠،٠٠٠ | ٤٠.٧٦٢ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ٣١٥,٩٠٥,٥٠٠ |
| ئاب | ٢٥٠،٠٠٠ | ٤٣.٣٨٤ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ٣٣٦,٢٢٦,٠٠٠ |
| ئەیلول | ٢٥٠،٠٠٠ | ٤٠.٤٧٧ | ٧,٥٠٠,٠٠٠ | ٣٠٣,٥٧٧,٥٠٠ |
| **کۆی بەرهەم وداهات** | | | **٦٨،٥٠٠،٠٠٠** | **٢،٥٢٨،٠٣٨،٧٥٠** |

گەر هەناردەی هەرێم بەتێکرا ٤٣٠ هەزار بێت ئەوا ٢٥٠ هەزار بەرمیل دەکاتە ڕێژەی ٥٨٪ هەموو فرۆشی نەوت. نرخی نەوت هەرهەمان نرخە کە لە ڕاپۆرتی ٩ مانگی ٢٠٢٠ ی دیلۆیت داهاتووە.

ئەوا وەک لە خشتەکەدا دیارەدەبینین کۆی نەوتی ئەو ماوەیە دەکاتە ٦٨,٥ ملیۆن بەرمیل وە داهاتی فرۆشیش دەکاتە ١ ملیا ر و ٨٤٤ ملیۆن و ٥٢٨ هەزار دۆلار. ئەم داهاتە هیچ خەرجی لێدەرناکرێ جگە لە کرێی گواستنەوە نەبێت کە لەو ماوەیەدا بەتێکرا ٠.٧٢ دۆلار کرێی گواستنەوەی ناو هەرێم و تورکیابووە لەڕاپۆرتەکەی دیلۆیتدا ، بۆیە کرێی گواستنەوەی لێدەر دەکەین کە ٦٨.٥ ملیۆن کەرەتی ٠.٧٢ دۆلار دەکاتە ٣٩١ملیۆن و ٨٢٠ هەزار دۆلار . سافی ئەو بڕە داهاتەی دەمێنێتەوە بۆ هەرێم لە فرۆشی ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیلە لەماوەی ٩ مانگدا و دەبێت ڕادەستی سۆمۆی بکات دەکاتە ١ ملیار ٤٥٢ ملیۆن و ٧٠٨ هەزار دۆلار. بەڵام وەکو بینیمان گەر سۆمۆ خۆی بیفرۆشێت ئەوا بڕی ٢ ملیار و٦٧ ملیۆن و ٧١٨ هەزار ٧٥٠دۆلار ی دەست دەکەوێت، واتە بەزیادەی ٦١٥ملیۆن و ١٠ هەزار دۆلار. گەر بڕیاربێت داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیل بەنرخی فرۆشی سۆمۆ ڕادەستی بەغداد بکرێت ئەو کات هەولێر دەبێت لە داهاتی خۆی جیاوەزیاکە بدات کە ڕێژەی ٤٣٪ زیاترە بەراورد بە داهاتی خۆی. مانگانە بە تێکڕا بەو داهاتەی ئەو ماوەیە دەبێت بڕی ٦٨ بۆ ٧٠ ملیۆن دۆلار لە داهاتی خۆی بدات بە سۆمۆ.

| فرۆشی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لەرێی هەرێمەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **مانگەکان ٢٠٢٠** | **بەرهەمی ڕۆژانە** | **نرخی نەوتی هەرێم** | **بەرهەم مانگانە بەرهەمی ڕۆژانە * ژمارەی ڕۆژ لە مانگدا** | **داهاتی مانگانە ( ١ * ٣)** |
| کانوونی دووەم | ٢٥٠,٠٠٠ | ٤٩.٤٢٠ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ٣٨٣,٠٠٥,٠٠٠ |
| شوبات | ٢٥٠,٠٠٠ | ٣٨.٣٦٠ | ٧,٢٥٠,٠٠٠ | ٢٧٨,١١٠,٠٠٠ |
| ئازار | ٢٥٠,٠٠٠ | ١٢.٤٦٠ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ٩٦,٥٦٥,٠٠٠ |
| نیسان | ٢٥٠,٠٠٠ | ٥.١٥٩ | ٧,٥٠٠,٠٠٠ | ٣٨,٦٩٢,٥٠٠ |
| ئایار | ٢٥٠,٠٠٠ | ١٣.٩٩٣ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ١٠٨,٤٤٥,٧٥٠ |
| حوزەیران | ٢٥٠,٠٠٠ | ٢٨.٠٩٢ | ٧,٥٠٠,٠٠٠ | ٢١٠,٦٩٠,٠٠٠ |
| تەموز | ٢٥٠,٠٠٠ | ٣٢.٦٦٢ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ٢٥٣,١٣٠,٥٠٠ |
| ئاب | ٢٥٠,٠٠٠ | ٣٣.٢٦٧ | ٧,٧٥٠,٠٠٠ | ٢٥٧,٨١٩,٢٥٠ |
| ئەیلول | ٢٥٠,٠٠٠ | ٢٩.٠٧٦ | ٧,٥٠٠,٠٠٠ | ٢١٨,٠٧٠,٠٠٠ |
| **کۆی بەرهەم وداهات** | | | **٦٨,٥٠٠,٠٠٠** | **١,٨٤٤,٥٢٨,٠٠٠** |

| کۆی بەرهەمی ٩ مانگ (١) | داشکاندنی سۆمۆ لە ڕێی جیهانەوە (٢) | کرێی گواستنەوەی بەرمیلێک $ (٣) | کرێی گواستنەوە و داشکاندن |
|---|---|---|---|
| **٦٨،٥٠٠،٠٠٠** | ١ دۆلار | ٠.٧٢ دۆلار | ٤٦٠,٣٢٠,٠٠٠ |
| کۆی داهات لەڕێی سۆمۆ وە | | | ٢,٥٢٨,٠٣٨,٧٥٠ |
| کۆی جیاوازی سۆمۆ( داهات دوای خەرجی گواستنەوە) | | | ٢,٠٦٧,٧١٨,٧٥٠ |
| جیاوازی زیادتر لە داهاتی هەرێم لە ٩ مانگدا | | | ٦١٥,٠٣٣,٢٥٠ |

| | |
|---|---|
| کۆی داهات لەڕێی سۆمۆ وە | ٢,٥٢٨,٠٣٨,٧٥٠ |
| کرێی گواستنەوە و داشکاندن * | ٤٦٠,٣٢٠,٠٠٠- |
| **سافی داهاتی سۆمۆ** | **٢,٠٦٧,٧١٨,٧٥٠** |
| کۆی داهات لە ڕێی هارێمەوە | ١,٨٤٤,٥٢٨,٠٠٠ |
| **سافی داهاتی هەرێم** | **١,٤٥٢,٧٠٨,٠٠٠** |
| جیاوازی داهاتی سۆمۆ لەگەڵ داهاتی هەرێم | ٦١٥,٠١٠,٠٠٠ |
| *بریتییە لە کۆی بەرهەم کەڕەتی یەک دۆلار داشکاندنی نرخی سۆمۆ و کەڕەتی ٠.٧٢ دۆلار کرێی گواستنەوە | |

# ڕادەستکردنی هەموو نەوتی هەرێم بە سۆمۆ

بەپێی ئەو داتایانەی کۆمان کردووەتەوە لە وەزارەتی نەوتی عێراق، ڕاپۆرتی دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێم و نرخی نەوتی برێنت لە سایتی ستاتیستا بۆ ساڵی ٢٠٢٠، بۆمان دەردەکەوێت بەتێکڕا نەوتی برێنت لەو ٩ مانگەی ساڵدا بریتی بووە لە ٤٠.٩١٧ دۆلار وە هەرێمی کوردستان بەتێکڕا بەپێی ڕاپۆرتی وردبینی دیلۆیت بریتی بووە لە ٢٦.٦٦٩ دۆلار و واتە بە جیاوازی ١٤.٢٤٨ دۆلار نەوتی هەرێم لەژێر نرخی برێنتەوە فرۆشراوە. لە هەمان ماوەدا نەوتی عێراق بە تێکڕا بە پێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی نەوت بە ٣٦.٩١٧ دۆلار فرۆشراوە، سۆمۆ هەربەرمیلێکی بە ٤ دۆلار لەژێر نەوتی برێنتەوە فرۆشتووە. واتە هەر بەرمیلێک نەوتی عێراق بە ١٠.٢٤٨ دۆلار لە نەوتی هەرێم زیاتر فرۆشراوە.

بە بێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت بڕی فرۆشی نەوتی هەرێم لەماوەی ٩ مانگی ساڵی ٢٠٢٠ دا بریتی بووە لە ١١٩,٠٩٥,١٦٧بەرمیل. وەکۆی داهاتی فرۆشی نەوت لەو ماوەیەدا بریتی بووە لە ٣,١٧٦,١٣٦,٧٢١ دۆلار. لەم بڕە کۆی ٢,١١٦,٣٩٤,٣٠٠ دۆلاری بۆ کۆمپانیا بەرهەم هێنەکانی نەوت و کرێی گواستنەوە لەگەڵ خەرجی شەحن و پاکردنەوە وغەرامە ڕۆشتووە، کە دەکاتە ڕێژەی ٦٦.٦٪ و ڕێژەی ١.٠٧ ٪ ی لەبری حکومەت دراوە بەکڕینی کارەبا و کرێی خزمەت گوزاری یاسایی وە ١.٨٩ ٪ی بۆدانەوەی قەرز رۆشتووە و ١.٥٪ بۆ گۆڕانکاری حساباتی کڕیارەکان. دەرئەنجام ڕێژەی ٢٨.٩٪ ی داهاتەکە گەڕاوەتەوە بۆ هەرێم .

وەزیری نەوتی پێشوی عێراق لە مانگی نیسانی ٢٠٢٠ دا ڕایگەیاند، حکومەتی عێراق لە داهاتی نەوتی ساڵی ٢٠١٩ بڕی ٨٥.٧٪ ی بۆ ماوەتەوە و تەنها ١٤.٣٪ بۆ خەرجی و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان ڕۆشتووە .

سۆمۆ بە تێکرا نرخی بەرمیلێک نەوتی عێراقی بە ٣٦.٩١٧ دۆلار فرۆشتووە بەو پێیە ئەگەر هەموو نەوتی هەرێم لەڕێی بەغداوە بفرۆشرایە ١ ملیارو٨٧ ملیۆن و ٣٨٢ هەزار ٧٢٧ دۆلار زیاتر داهاتی فرۆشی نەوت دەبوو بەراورد بە وەی هەرێم، بەمانایەکی تر لەو برە نەوتەی هەرێم بەرهەمی هێناوە عێراق بە ٤ ملیار و ٢٨٧ ملیۆن دۆلار و ٥١٩ هەزار و ٦١٥ دۆلار دەیفرۆشێت واتە ٣٧.٩٪ زیادەی داهات. بەڵام بەپێی زانیاریەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق نەوتی کەرکوک لە بەندەری جیهانەوە بە تێکڕا نزیکەی ١ دۆلار کەم تر لە نەوتی بەسرە دەفرۆشرێت و دەکاتە ١١٩,٠٩٥,١٦٧ دۆلار بڕی داشکاندن. پاشان عێراقیش وەکو هەرێم دەبێت کرێی گواستنەوەی لێبدات و خەرجی کۆمپانیا نەوتییەکانیش بەپێی گرێبەستەکە دە دات، ئەو کات گەر سۆمۆ بەهەمان شێوەی هەرێم شایستەی کۆمپانیاکان و کرێی گواستنەوە بدات لە گەڵ هەندێ تێچووی تر وەکو پاکردنەوەی خەوش...(جگە لە قەرز و خەرجی تر) ئەوا بڕی ٢ملیار و ١١٦ ملیۆن و ٣٩٤ هەزار و ٣٠٠ دۆلار تێچووی نەوت و ئیلتیزاماتیە نەوتیەکانە. دەرئەنجام تێچوو و داشکاندن لە کۆی فرۆش دەربکرێت بڕی ٢ ملیار و ١٤٧ ملیۆن و ٣٠ هەزار دۆلار بۆ سۆمۆ دەمێنێتەوە. ئەم بڕە بەرێژەی ١٠٣.٪ لە وەی هەرێم بۆی ماوەتەوە زیاترە کە بڕەکەی ١ ملیار و ٥٩ ملیۆن و ٧٤٢ هەزار دۆلار بووە .

دەکرێت یەکێک لە بیانووەکانی بەغداد بۆ ئەوەی لە ئایندەدا داوای کۆنترۆڵکردنی نەوتی هەرێم بکات ئەوە بێت کە خەرجی نەوت لە هەرێم زۆرە، وەک چۆن لەزاری وەزیری نەوت ئیحسان عبدالجبار ڕاگەیەندرا لە بەرواری ٢٠٢١/١/١٤ دا.

ئەم بانگەشەیە ڕاستی تێدایە کاتێک دەبینیین مامەڵەکردن لەگەڵ خەرجی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنی نەوت ناڕوونە و بەرزوو نزمی زۆر تێدایە، لە مانگی ئازاردا شایستەی کۆمپانیاکان بە ڕێژەی ٣١٧٪ زیاتر لە مافی خۆیان وەرگیراوە. لەچارەکی دووەمی ٢٠٢٠ دا ٨٤٪ هەموو داهاتی نەوت بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێن ڕۆشتووە، جگە لە خەرجی گواستنەوەی نەوت.

تێچویەکی تری زۆر بریتییە لە کرێی گواستنەوەی بۆری هەرێم کە بەراورد بە کرێی تورکیا لە چارەکی سێهەمدا ٢٧٨٪ زیاترە. جگەلە وەی کرێی گواستنەوەی ناو تورکا بۆ سۆمۆ هەرزانترە لەهەرێم. بۆیە پێویستە چاکسازی خێرا لەو خەرجییە زەبالاحانەدا بکرێت.

وەک دەرکەوت لەم لێکۆڵینەوەدا پێشێلی بنەما سەرەکییەکانی گرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەهەرم کراوە لە دابەشکردنی پشکەکاندا، بەمەش پرسیاری زۆر زیاتر لەسەر کۆی بەڕێوەبردنی سەکتەرەکە دروست دەبێت.

لە کۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت داهاتی نەوت لەڕێی عێراقەوە ١ ملیار و ٨٧ ملیۆن ٢٨٧ هەزار دۆلار زیاتر دەبێت بەراورد بە هەرێم. پرسیارەکە ئەوەیە گەر مەلەفی نەوت تەسلیم بکرێت لەڕووی دارییەوە کێ زیاتر سودمەند دەبێت، هەرێم یان بەغدا؟ بەتایبەت گەر بەراوردی بکەین بە بوجەی تەرخانکراو بۆ هەرێم. لەساڵی ٢٠١٩ دا کاتێک نرخی نەوت بەرزبوو بەپێی راپۆرتی دیلۆیت هەموو فرۆشی نەوتی هەرێم بەبێ لێ دەرکردنی خەرجی بریتی بوو لە ٨ ملیار ٣٤٩ ملیۆن دۆلار. کەواتە لە لەم قۆناغەدا بەو شێوەیەی سەکتەری نەوت بەڕێوە دەبرێت و ئەو هەموو خەرجییەی نەوت هەیە ئایا لە بەرژەوەندی هەرێم نییە کە ٢٥٠ هەزار بەرمیل ڕادەستکات و بوجەی هەرێم بەتەواوەتی وەربگرێت ؟

| کۆی داهات لەڕێی سۆمۆوە | | | |
|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | ٦٠.١٣٩ | ١٠,٨٦٩,٩١٦ | ٦٥٣,٧٠٥,٨٧٨ |
| شوبات | ٤٩.٢٣٢ | ١٥,٧٥٨,٨٥١ | ٧٧٥,٨٣٩,٧٥٢ |
| ئازار | ٢٨.١٨٢ | ١٥,٦٩٥,٠٠٢ | ٤٤٢,٣١٦,٥٤٦ |
| کۆندێنسێت | ٥١.١٥١ | ٩٧,٦١٤ | ٤,٩٩٣,٠٥٤ |
| نیسان | ١٤.٦٣٩ | ١٢,٤١٥,٤١٢ | ١٨١,٧٤٩,٢١٦ |
| ئایار | ٢١.٤٥٠ | ١٢,٤٦٨,١٣٣ | ٢٦٧,٤٤١,٤٥٣ |
| حوزەیران | ٣٣.٩٨٤ | ١٢,٥٢٤,٤٦٠ | ٤٢٥,٦٣١,٢٤٩ |
| تەموز | ٤٠.٧٦٢ | ١٣,٢٣٨,٦٦١ | ٥٣٩,٦٣٤,٣٠٠ |
| ئاب | ٤٣.٣٨٤ | ١٢,٩٧١,٦٢٤ | ٥٦٢,٧٦٠,٩٣٦ |
| ئەیلول | ٤٠.٤٧٧ | ١٣,٠٥٥,٤٩٤ | ٥٢٨,٤٤٧,٢٣١ |
| **کۆی بەرهەم** | **١١٩,٠٩٥,١٦٧** | **کۆی داهات لەڕێی سۆمۆوە** | **٤,٣٨٢,٥١٩,٦١٥** |

| کۆی داهات و خەرجی لەڕێی سۆمۆوە | | کۆی داهات و خەرجی لە ڕێی هەرێمەوە | |
|---|---|---|---|
| کۆی داهات لەڕێی سۆمۆوە | ٤,٣٨٢,٥١٩,٦١٥ | کۆی داهاتی لە ڕێی هەرێم | ٣,١٧٦,١٣٦,٧٢١ |
| داشکاندنی جیهان ١ دۆلار (١) | -١١٩,٠٩٥,١٦٧ | | |
| کۆی خەرجی سۆمۆ هەمان کۆی خەرجی هەرێمە | -٢,١١٦,٣٩٤,٣٠٠ | کۆی خەرجی نەوتی هەرێم | -٢,١١٦,٣٩٤,٣٠٠ |
| ماوە بۆ سۆمۆ دوای لێدەرکردنی داشکاندن و خەرجی | ٢,١٤٧,٠٣٠,١٤٧ | ماوە بۆ هەرێم دوای لێدەرکردنی تەنها خەرجی نەوت | ١,٠٥٩,٧٤٢,٤٢١ |
| **زیادەی داهاتی سۆمۆ** = ١,٠٨٧,٢٨٧,٧٢٦ | | | |

# سەرچاوەکان

ئەو سەرچاوانەی پشتی پێ بەستراوە لەم ڕاپۆرتەدا

A. سەرچاوە سەرەکییەکان:


١. "یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠٠٧ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان", پەرلەمانی کوردستان.

٢. "یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٨ یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان", پەرلەمانی کوردستان.

٣. "یاسای ژمارە (١١) ساڵی ٢٠١٣ یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان", پەرلەمانی کوردستان

٤. "بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تاکو ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠"، دیلۆیت، بەردەستە لە https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202020/Consolidated%20RCOG%20Q1%202020.pdf، سەردانی کاروە لە ١٥کانونی دووەمی، ٢٠٢١

٥. "بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی نیسان ٢٠٢٠ تاکو ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠"، دیلۆیت، بەردەستە لە https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202020/Consolidated%20RCOG%20Q2%202020.pdf، سەردانی کاروە لە ١٥کانونی دووەمی، ٢٠٢١

٦. "بەرهەمی نەوت و هەناردە و بەکاربردن و داهات لە ماوەی ١ی تەمموزی ٢٠٢٠ تاکو ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠"، دیلۆیت، بەردەستە لە https://govkrd.b-cdn.net/Government%20Open%20Data/Deloitte%20Reports/Deloitte%20Reports%202020/Consolidated%20RCOG%20Q3%202020.pdf ، سەردانی کاروە لە ١٥کانونی دووەمی، ٢٠٢١


B. سەرچاوەی لاوەکی:


1. یادگار سدیق، فریا کاڵێ. چەند سەرنج و تێبینییەک لەسەر وردبینی دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێم٢٠١٩. لاپەڕە ١٧، ساڵی ٢٠٢٠

2. "ڕاپۆرتی چاودێری دارایی بۆ ئەنجومەنی وەزیران" ژمارە ١٥٤/بەرواری ٢٠٢٠/٧/٥

٣. "ڕاپۆ رتەکانی دیلۆیت: وردبینی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تا ٣١ ی ئاداری ٢٠٢٠"

4. "Operational and Corporate Update", available at https://polaris.brighterir.com/public/gulf_keystone_petroleum/news/rns/story/w0yl3lx , visited on January 13, 2021

5 "ShaMaran Atrush March Oil Sales Payment Received" available at https://www.shamaranpetroleum.com/news/shamaran-atrush-march-oil-sales-payment-received-122734/ visited on April 17,2020

6 "Mazeel, Muhammed Abed. Petroleum Fiscal Systems and Contracts. Hamburg, DEU: Diplomica Verlag, 2010, P24

7 "Johnston, Daniel. International Exploration Economics, Risk and Contracts Analysis. Tulsa, US: PennWell, 2006

8 "Production Sharing Contract" Atrush Block, between the Kurdistan regional of Iraq and General exploration partners, INC. 2007. Page 7,19,22,55,57,59.66.68

.9 "Production Sharing Contract" Garmian Block, between the Kurdistan region of Iraq and Westernzagros Limited, 2011. Page 88

10 "Production Sharing Contract", Shaikan Block, between the Kurdistan regional of Iraq and Gulf Keystone Petroleum International Limited and Texas Keystone Inc. and Kalegran Limited, 2007, Page 59,60,62, 69

11 "Production Sharing Contract", Taq Taq and Kewa Chirmila Areas in the Kurdistan region, Genel Energy international limited and Addax Petroleum international -2008, Page 10,56,58,65

12 "Production Sharing Contract", Sarsang Block, Kurdistan Region, between the Kurdistan region of Iraq and HKN Energy LTD, 2007, Page 55,56,66

13 "Production Sharing Contract" Tawki Block, Kurdistan Region, between the Kurdistan regional of Iraq and DNO Iraq AS, 2008, Page 9.56, 58,67

14 " صادرات العراق من النفط الخام "available at https://oil.gov.iq/index.php?name=Pages&op=page&pid=77 , visited on Jan 25, 2021

15 "API gravity", Energy Insight , available at https://www.mckinseyenergyinsights.com/resources/refinery-reference-desk/api-gravity/ . Visited on Jan 15

16 "Average monthly Brent crude oil price from November 2019 to November 2020" available at https://www.statista.com/statistics/262861/uk-brent-crude-oil-monthly-price-development/ . Visited on Jan

17 " Oryx Petroleum Q3 2020 Financial and Operational Results", Forza Petrolum, available at https://www.forzapetroleum.com/en/news-3.php?pages=1&idnews=131, visited on Jan 20, 2021

18 "Definition of 'Audit'", The Economic Times, available at , https://economictimes.indiatimes.com/definition/audit . visited on Jan 22, 2021

19" Assignment agreement for participating in the Hawler Area" between, Kurdsitan exploration and Production company and Korea National oil corporation. Jun 16,2008

20“ BS&W” , Energy Insight , available at, https://www.mckinseyenergyinsights.com/resources/refinery-reference-desk/bsw/?fbclid=IwAR22hiZyzGcpeAHki3h9Z1-BRR8CDk1y9791ZchA4wZjiiNxp3qi3mHmEZk#:~:text=Acceptable%20levels%20of%20BS%26W%20are,out%20of%20service%20and%20cleaned .visited on Jan 26, 2021

21 "Auditors' Responsibilities Regarding Fraud”, Kaplan financial knowledge bank, available at, https://kfknowledgebank.kaplan.co.uk/auditors'-responsibilities-regarding-fraud ،visited on February 1, 2021

22 "PwC, KPMG, Deloitte and EY all fail to meet audit quality targets after string of high-profile failures ،Independent, available at https://www.independent.co.uk/news/business/news/pwc-kpmg-deloitte-and-ey-audit-quality-failure-frc-report-a8998321.html?fbclid=IwAR1pWgM3qNTotnZQgyijxMx0YpYbrlvRNGBcVqa2HRGnmPYmNtXsD2iqneQ , visited Feb 2, 2021

23 "Accountants warned over fraud expectations”, BBC, available at, https://www.bbc.co.uk/news/business-55855840 , visited on February 02, 2021

24 "Natural Gas Branch Pipeline Khor Mor to Bazian Power Plant”, T-B-L Engineering, available at, http://www.tb-lampert.at/en/kurdistan-iraq-crude-oil-export-pipeline/, visited on Feb 8, 2021

# پاشکۆکان

## ڕاپۆرتی دیلۆیت چارەگی ١ی ساڵی ٢٠٢٠

**KURDISH TRANSLATION**

**وەرگێڕانی کوردی**

١٠ ی کانونی دووەمی ٢٠٢١

ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان-عێراق

**وردبینیی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تا ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠**

١.١ ئێمە لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە دەستنیشانکراین بۆ ئەنجامدانی وردبینی لە خشتەی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت بۆ ساڵی ٢٠٢٠، و هەروەها بۆ ساڵەکانی پێشووتری ٢٠١٤ تا ٢٠١٩.

٢.١ ئێمە وردبینیمان تەواوکرد بۆ خشتەی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تا ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠ (چارەگی یەکەمی ٢٠٢٠)، بەپێی خشتەی (١) کە هاوپێچی ئەم ڕاپۆرتە کراوە. پێشتر وردبینیمان تەواوکرد بۆ خشتەی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠١٧ تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩، و ڕاپۆرتیشمان دەربارەی پێشکەش کرد.

٣.١ ڕێکارەکانی ئێمە بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێکهاتبوون لە وردبینیکردنی هەناردەکردن و تۆماری فرۆشتنەکان، ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی پێویست، وردبینیکردنی تۆمارەکانی پێوانەی بەرهەمهێنان، داواکردنی زانیاری لە کۆمپانیاکانی نەوت، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری دیکەی پێویست.

٤.١ ئەمانەی خوارەوە ئەنجامەکانی وردبینییەکەی ئێمەن:

١.٤.١ بۆ هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت -هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدینەکرد لە زانیارییەکانی هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت لە ماوەی نێوان ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تا ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠.

٢.٤.١ بۆ فرۆشتنی نەوت -هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدینەکرد لە زانیارییەکانی فرۆشتنی نەوت و کۆی بڕی پارەی وەرگیراوی مانگانە لە ماوەی نێوان ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تا ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠.

٥.١ ئەم ڕاپۆرتە سنووردارە بۆ زانیارییەکانی ناو خشتەی (١) و هیچ زانیارییەکی دیکە ناگرێتەوە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراون یان بڵاوکراونەتەوە. بەرهەمهێنان لە کێڵگە جیاوازەکان، بابەتن بۆ ڕێکاری تری وردبینی و پشتڕاستکردنەوە، ئەو پرۆسەیەش ئێستا بەردەوامە.

٦.١ تەکنیکی وەرگرتنی نموونە (سامپڵ) و تەکنیکی دیکەمان بەکارهێناوە، تا ئەو جێگەیەی بە پێویستمان زانی بێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی خشتەی (١). وردبینی ئێمە و دروستی و تەواوی زانیارییەکان پشت دەبەستێت بە بەڵگەنامەی پێشکەشکراو لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە (بەرهەمهێنەرانی نەوت، پاڵاوگەکان، بازرگانانی فرۆشی نەوت، بەکارخەری بۆری نەوت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لەسەر بنەمای دروستی و تەواویی زانیارییەکان.

٧.١ ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکراوە بۆ ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و (دیلۆیت) بەرپرسیار نییە لە بۆچوون یان خستنەڕووی هەر نادروستیی، کەموکوڕی یان هەڵەیەک لە زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا لە بەرامبەر هەر لایەنێکی سێیەم، و (دیلۆیت) بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، و هیچ لایەنێک، جگە لە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، مافی پشتبەستنی بەم ڕاپۆرتە نییە، بۆ هەر مەبەستێک بێت.

٨.١ ئەم ڕاپۆرتە و خشتەی (١) بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر هەر دژیەکییەک هەبوو لەنێوان دۆکۆمێنتەکان بە زمانە جیاوازەکان، دەقە ئینگلیزییەکە یەکلاکەرەوەیە.

دڵسۆزتان

Robert O'Hanlon
Deloitte & Touche (M.E.)

Neil Hargreaves
Deloitte Professional Services (DIFC) Limited

کوردی

# خشتەی ژمارە ١

## بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

**١ ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تا ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠**

| هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری، بڕوانە (تێبینی ٢) و (تێبینی ٣) | ٤٢,٢٦١,٢٦٣ | بەرمیل |
| ڕادەستکردنی نەوتی خاو بۆ پاڵاوتن لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، سافیی نەوتی قورس (تێبینی ٢) | ٢,١٣٤,٩٦٧ | بەرمیل |
| فرۆشتن بۆ پاڵاوگەکان | ٩٧,٦١٤ | بەرمیل |
| فرۆشتنی ناوخۆ | - | بەرمیل |
| **کۆی هەناردەکردن و بەکاربردن (تێبینی ٤)** | **٤٤,٤٩٣,٨٤٤** | **بەرمیل** |

| شیکاری فرۆشتنی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران (واتە سافی بڕەکە پاش گواستنەوەکانی تۆمارکراو لەسەر نەوتی خەزنکراو لە کۆگاکاندا و لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٥) | ٤٢,٣٢٣,٧٦٩ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ١,٣٣٧,٢٦٧,٦١٣ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی بەدەستهاتوو بۆ یەك بەرمیل نەوتی فرۆشراو، بڕوانە (تێبینی ٦) | ٣١.٥٩٦ | بەرمیل/ $ |

| شیکاری پاڵاوگە و فرۆشتنەکانی ناوخۆ | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| سافی نەوت (نەوتی خاو و کۆندێنسەیت)ی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە (سافی بڕەکە پاش لابردنی پێکهاتەی ئاو و ئەو بڕەیەی بە فیڕۆ دەچێت بە هۆی بەهەڵمبوون لە کاتی گواستنەوەدا) | ٩٧,٦١٤ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو | ٤,٩٩٣,٠٣٣ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیلی نەوتی فرۆشراو | ٥١.١٥١ | بەرمیل/ $ |

| ڕێڕەوی دارایی (التدفق المالي) | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| **کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو (هەناردەکراو لەڕێی بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ)** | **١,٣٤٢,٢٦٠,٦٤٦** | **دۆلاری ئەمریکی** |
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان، بڕوانە (تێبینی ٧) | ٤٩٨,٦٦٦,٦٠٥ | دۆلاری ئەمریکی |
| سوود و ڕسووماتی دیکە، بڕوانە (تێبینی ٨) | (٤٢,٦٤٢,٣٥١) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان | (٤٢٧,٤٩٨,٣٩٣) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) | (١٣٦,٧٣١,٤٦١) | دۆلاری ئەمریکی |
| بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان (KPC) بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان | (١٧٩,٠٩٤,٨٠٧) | دۆلاری ئەمریکی |
| دانەوەی قەرزی هەریەك لە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتیی تورکی (TPIC) | (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بۆ لایەنی سێیەم کە لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان دراوە، بڕوانە (تێبینی ٩) | (٣٣,٩٧٠,٥٦٦) | دۆلاری ئەمریکی |
| **سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی فرۆشتنی نەوت و چالاکییە پەیوەندیدارەکاندا** | **٩٦٠,٩٨٩,٦٧٣** | **دۆلاری ئەمریکی** |

Kurdistan Regional Government of Iraq 7

# تێبینییەکانی خشتەی ژمارە ١

## بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

### ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تا ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠

**تێبینی ١**

هەموو ژمارەکانی خشتەی (١) لە ماوەی نێوان ١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ تا ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠ بۆ زانیارییەکانی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت، لەسەر بنەمای ئەو تۆمارانەن کە لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون. هەروەها بۆریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاردێت بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاوی کۆمپانیای نەوتی باکوور (NOC) لەو ماوەیەدا. خشتەی (١) ئەم نەوتەی لەخۆنەگرتووە.

**تێبینی ٢**

نەوتی خاوی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە لە ناویشیدا بڕی ٢٤,٠٠٧ بەرمیل لە نەوتی قورسی پاڵێوراو سەرەڕای بەکاربردنی ناوخۆیی لە ماوەی دیاریکراودا.

**تێبینی ٣**

| | | |
|---|---|---|
| کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە | ٤١,٢٩٦,٦٩٢ | بەرمیل |
| زیادبوون (کەمبوونەوە) لە کۆگاکان لە تێرمیناڵی نەوتدا | ٩٦٤,٥٧١ | بەرمیل |
| **نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری** | **٤٢,٢٦١,٢٦٣** | **بەرمیل** |

**تێبینی ٤**

سەرجەم نەوتی هەناردەکراو و بەکاربراوی نەوتی بەرهەمهێنراو دەردەخەن لەو کێڵگانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێن، لەدوای ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:
١) گۆڕانکاری لە بڕی نەوتی هاوردەکراو لەڕێی بۆرییەکان لەو ماوەیەدا؛
٢) بەفیڕۆچووەکان و جیاوازییەکان لە کاتی گواستنەوە لەڕێی بۆریی و تانکەردا ڕوودەدەن بە هۆی چاککردنەوەکان، جیاوازییەکان لە ئەنجامی ئامێرەکانی پێوانەکردن، بەهەڵمبوون لە کاتی گواستنەوەی کۆندەنسەیت بە تانکەر، ...تاد؛ و
٣) جیاوازی کات لە نێوان داخلکراوەکانی بۆرییەکان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوور و تەرخانکراویی نەوتی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە وێستگەی هەناردەکردن.

**تێبینی ٥**

کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە (تێبینی ٣) بریتییە لە ٤١,٢٩٦,٦٩٢ بەرمیل، لەکاتێکدا سافی بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو لەڕێی بۆرییەوە بریتییە لە ٤٠,٩٦١,٢٣٩ بەرمیل. هۆکاری جیاوازی نێوان کۆی گشتی هەناردەکردن و سافی بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو بە بەهای ٣٣٥,٤٥٣ بەرمیل دەگەڕێتەوە بۆ:
١) لابردنی ٢٨٧,٦٧٠ی خەوشەکان، وەک ئاو؛ و
٢) بەفیڕۆچووەکان بە بڕی ٤٧,٧٨٣ بەرمیل بە هۆی گواستنەوە و تەسفیەکردنی نەوتی خاوی خەوش.
هەروەکو پێشتر لە ڕاپۆرتی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت بۆ ساڵی کۆتایی لە ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ ڕوونمانکردوە، کۆی ٢,٢١٩,٧٩٨ بەرمیل کارگۆی نەوتی خاوی بێ مواسەفات لە ماوی ساڵی ٢٠١٩دا شەحنکراوە، و کە بەهای بۆ دانەنراوە و بۆیە لەناو ژمارەکانی فرۆشیاری هەناردەکان لەو ماوەیەدا دانەنراوە. ئەم دوو کارگۆیە بە فیعلی لە کانونی دووەم و ئاداری ٢٠٢٠ فرۆشراون و بەرامبەر بە سافی فرۆشراوی ١,٣٦٢,٥٣٠ بەرمیلە، لەبەرئەوە زیادکراوە بۆ سافی فرۆشراوی هەناردەکان لەڕێی بۆرییەکان لە حاڵی حازر (٤٠,٩٦١,٢٣٩ بەرمیل) بۆ گەیشتن بە کۆی فرۆشراوی هەناردەکان لەڕێی بۆرییەکان ٤٢,٣٢٣,٧٦٩ بەرمیل لەم کاتەدا.

**تێبینی ٦**

سافی ژمارەی بەرمیلی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە لەگەڵ تێکڕای نرخی یەك بەرمیلی نەوتی فرۆشراو لە یەك مانگدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

| چارەکی یەکەمی ٢٠٢٠ | ئاداری ٢٠٢٠ | شوباتی ٢٠٢٠ | کانونی دووەمی ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|
| ٤٢,٣٢٣,٧٦٩ بەرمیل | ١٥,٦٩٥,٠٠٢ بەرمیل | ١٥,٧٥٨,٨٥١ بەرمیل | ١٠,٨٦٩,٩١٦ بەرمیل |
| ٣١.٥٩٦ دۆلار/ بەرمیل | ١٢.٤٦٠ دۆلار/ بەرمیل | ٣٨.٣٦٠ دۆلار/ بەرمیل | ٤٩.٤٢٠ دۆلار/ بەرمیل |

**تێبینی ٧**

سافی گۆڕانکاریی لە ڕەسیدی حساباتی کڕیار لە ماوەی ئاماژەپێدراودا زیادەی بڕی ٤٩٨,٦٦٦,٦٠٥ دۆلاری ئەمریکی تۆمارکردووە. کۆی ڕەسیدی قەرزاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی کڕیارەکان لە کۆتایی ماوەکەدا دەکاتە ٣,٩٤٠,١٤٥,٩٠١ دۆلاری ئەمریکی. بەشێك لەم ڕەسیدە بریتییە لە ئەو بڕە پارانەی پێشەکی بە یۆرۆ دراون کە دەبێت بە یۆرۆ بدرێتەوە بە نرخی ئاڵوگۆڕی دراو لە کاتی پاکتاوکردندا بدرێنەوە، بەمەش بڕی دانەوەی پارەی کۆتایی لەوانەیە جیاواز بێت لەگەڵ ڕەسیدی ماوەی ئێستای ئاماژەپێدراو لەم تێبینییەیە. داواکاری کڕیارەکان کە چاوەڕوانی ڕەزامەندیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکەن لەم ڕەسیدەدا شوێنی ناکرێتەوە.

**تێبینی ٨**

سوود و ڕسووماتەکانی دیکە کە بەهاکەی ٤٢,٦٤٢,٣٥١ دۆلاری ئەمریکییە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:
١) ٢٤,٢٠٢,٤٨٧ دۆلاری ئەمریکی بۆ خەرجییەکانی شەحنکردن و داواکانی تایبەت بە کارگۆی خەوشەکان؛
٢) ٨,٨٤٩,٣٨٥ دۆلاری ئەمریکی وەک تێچووەکانی فڕێدانی ئاوی زیادە و نەوتی خاوی خەوشی دوو کارگۆی ساڵی ٢٠١٩؛
٣) ٦,٦٤١,٩٥٥ دۆلاری ئەمریکی وەك ڕسووماتی سوود؛
٤) ٢,٨١٣,٤٥٦ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە خزمەتەکانی پشتگیریکردنی لۆجستی بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان؛ و
٥)١٠٨,٨١٨ دۆلاری ئەمریکی بۆ خەرجییەکانی گواستنەوە لە کێڵگان بۆ بۆرییەکان
٦) ٢٦,٢٥٠ دۆلاری ئەمریکی وەک قەرەبووی دواکەوتن لە ماوەی شەحنکردنی ئێستا.

**تێبینی ٩**

خەرجییە گشتییەکان بۆ لایەنی سێیەم کە بەهاکەی ٣٣,٩٧٠,٥٦٦ دۆلاری ئەمریکییە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:
١) ٢٤,١٤٣,٩٥٣ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بەو سووتەمەنییەی بۆ وەزارەتی کارەبا کڕاوە ؛ و
٢) ٩,٨٢٦,٦١٣ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە خزمەتگوزاریی یاسایی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

**تێبینی ١٠**

لە کۆتایی چارەکی چوارەمی ساڵی ٢٠١٩، ڕەسیدی دراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە ٣١٨,٥٤٠,٧١٩ دۆلاری ئەمریکی لە حیسابێکی بانکی لە لبنان گلدراوەتەوە. هەروەك ئەوەی ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠، ئەم ڕەسیدە بۆ ٢٩٤,٣٣٨,٢٣٢ دۆلاری ئەمریکی کەمبووەوە بەهۆی چارەسەرکردنی هەندێک تێچووی هاتوو لە خشتەی ژمارە ١ (تێبینی ٨). تاکو ئێستا بانکەکان لە لبنان بەردەوامن لە سەپاندنی کۆتوبەند لەسەر جموجوڵی دراوی بیانی بۆ دەرەوەی وڵات.



کوردی

## ڕاپۆرتی دیلۆیت چارەگی ٢ی ساڵی ٢٠٢٠

Deloitte.

**KURDISH TRANSLATION**

**وەرگێرانی کوردی**

١٠ ی کانونی دووەمی ٢٠٢١

ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان-عێراق

**وردبینیی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ی نیسانی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠**

١.١ ئێمە لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە دەستنیشانکراین بۆ ئەنجامدانی وردبینی لە خشتەی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و هەروەها بۆ ساڵەکانی پێشووتری ٢٠١٤ تا ٢٠١٩.

٢.١ ئێمە وردبینیمان تەواوکرد بۆ خشتەی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت لە ماوەی ١ی نیسانی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ (چارەکی دووەمی ٢٠٢٠)، بەپێی خشتەی (١) کە هاوپێچی ئەم ڕاپۆرتە کراوە. پێشتر وردبینیمان تەواوکرد بۆ خشتەی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠١٧ تا ٣١ی ئاداری ٢٠٢٠، و ڕاپۆرتیشمان دەربارەی پێشکەش کرد.

٣.١ ڕێکارەکانی ئێمە بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێکهاتبوون لە وردبینیکردنی هەناردەکردن و تۆماری فرۆشتنەکان، ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی پێویست، وردبینیکردنی تۆمارەکانی پێوانەی بەرهەمهێنان، داواکردنی زانیاری لە کۆمپانیاکانی نەوت، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری دیکەی پێویست.

٤.١ ئەمانەی خوارەوە ئەنجامەکانی وردبینییەکەی ئێمەن:

١.٤.١ بۆ هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت -هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدینەکرد لە زانیارییەکانی هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت لە ماوەی نێوان ١ی نیسانی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠.

٢.٤.١ بۆ فرۆشتنی نەوت -هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدینەکرد لە زانیارییەکانی فرۆشتنی نەوت و کۆی بڕی پارەی وەرگیراوی مانگانە لە ماوەی نێوان ١ی نیسانی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠.

٥.١ ئەم ڕاپۆرتە سنووردارە بۆ زانیارییەکانی ناو خشتەی (١) و هیچ زانیارییەکی دیکە ناگرێتەوە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراون یان بڵاوکراونەتەوە. بەرهەمهێنان لە کێڵگە جیاوازەکان، بابەتن بۆ ڕێکاری تری وردبینی و پشتڕاستکردنەوە، ئەو پرۆسەیەش ئێستا بەردەوامە.

٦.١ تەکنیکی وەرگرتنی نموونە (سامپڵ) و تەکنیکی دیکەمان بەکارهێناوە، تا ئەو جێگەیەی بە پێویستمان زانی بێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی خشتەی (١). وردبینی ئێمە و دروستی و تەواوی زانیارییەکان پشت دەبەستێت بە بەڵگەنامەی پێشکەشکراو لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە (بەرهەمهێنەرانی نەوت، پاڵاوگەکان، بازرگانانی فرۆشی نەوت، بەکارخەری بۆری نەوت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لەسەر بنەمای دروستی و تەواویی زانیارییەکان.

٧.١ ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکراوە بۆ ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و (دیلۆیت) بەرپرسیار نییە لە بۆچوون یان خستنەڕووی هەر نادروستییی، کەموکوڕی یان هەڵەیەک لە زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا لە بەرامبەر هەر لایەنێکی سێیەم، و (دیلۆیت) بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، و هیچ لایەنێک، جگە لە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، مافی پشتبەستنی بەم ڕاپۆرتە نییە، بۆ هەر مەبەستێک بێت.

٨.١ ئەم ڕاپۆرتە و خشتەی (١) بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر هەر دژیەکییەک هەبوو لەنێوان دۆکۆمێنتەکان بە زمانە جیاوازەکان، دەقە ئینگلیزییەکە یەکلاکەرەوەیە.

دڵسۆزتان

Neil Hargreaves
Deloitte Professional Services (DIFC) Limited

Robert O'Hanlon
Deloitte & Touche (M.E.)

# خشتەی ژمارە ١

## بەرهەمهێنان ،هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

### ١ی نیسانی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠

| هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری، بڕوانە (تێبینی ٢) و (تێبینی ٣) | ٣٧,٠٣٨,٤٦١ | بەرمیل |
| ڕادەستکردنی نەوتی خاو بۆ پاڵاوتن لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، سافیی نەوتی قورس (تێبینی ٢) | ١,٤٦٣,٥٣٩ | بەرمیل |
| **کۆی هەناردەکردن و بەکاربردن (تێبینی ٤)** | **٣٨,٥٠٢,٠٠٠** | **بەرمیل** |

| شیکاری فرۆشتنی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران (واتە سافی بڕەکە پاش گواستنەوەکانی تۆمارکراو لەسەر نەوتی خەزنکراو لە کۆگاکاندا و لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٥) | ٣٧,٤٠٨,٠٠٥ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ٥٩٠,٣٤٩,٥٠٤ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی بەدەستهاتوو بۆ یەك بەرمیل نەوتی فرۆشراو، بڕوانە (تێبینی ٦) | ١٥.٧٨١ | بەرمیل/ $ |

| ڕێرەوی دارایی (التدفق المالي) | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| **کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو (هەناردەکراو لەڕێی بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ)** | **٥٩٠,٣٤٩,٥٠٤** | **دۆلاری ئەمریکی** |
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان، بڕوانە (تێبینی ٧) | (٢١,٤٠١,١٩٦) | دۆلاری ئەمریکی |
| بڕی پارەی دراوی پێشەکی دوورخایەن، بڕوانە (تێبینی ٨) | ٤١٥,٠٠٠,٠٠٠ | دۆلاری ئەمریکی |
| سوود و ڕسووماتی دیکە، بڕوانە (تێبینی ٩) | (١١,١٤٩,٥٢٢) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان | (٥٠٠,٥٦١,٤٤٢) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) | (٧٠,٠٤٢,١٣٧) | دۆلاری ئەمریکی |
| بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان (KPC) بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان | (٨٤,٨٩٠,٧١٦) | دۆلاری ئەمریکی |
| **سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی فرۆشتنی نەوت و چالاکییە پەیوەندیدارەکاندا** | **٣١٧,٣٠٤,٤٩١** | **دۆلاری ئەمریکی** |

کوردی

Kurdistan Regional Government of Iraq 7

# تێبینییەکانی خشتەی ژمارە ١

## بەرهەمهێنان ،هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

### ١ی نیسانی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠

**تێبینی ١**

هەموو ژمارەکانی خشتەی (١) لە ماوەی نێوان ١ی نیسانی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ بۆ زانیارییەکانی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت، لەسەر بنەمای ئەو تۆمارانەن کە لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون. هەروەها بۆریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاردێت بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاوی کۆمپانیای نەوتی باکوور (NOC) لەو ماوەیەدا. خشتەی (١) ئەم نەوتەی لەخۆنەگرتووە.

**تێبینی ٢**

نەوتی خاوی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە لە ناویشیدا بڕی ٣٠٤,٥٧٤ بەرمیل لە نەوتی قورسی پاڵێوراو سەرەڕای بەکاربردنی ناوخۆیی لە ماوەی دیاریکراودا.

**تێبینی ٣**

| | | |
|---|---|---|
| کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە | ٣٧,٥٧١,٤٣٠ | بەرمیل |
| زیادبوون (کەمبوونەوە) لە کۆگاکان لە تێرمیناڵی نەوتدا | (٥٣٢,٩٦٩) | بەرمیل |
| **نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری** | **٣٧,٠٣٨,٤٦١** | **بەرمیل** |

**تێبینی ٤**

سەرجەم نەوتی هەناردەکراو و بەکاربراوی نەوتی بەرهەمهێنراو دەردەخەن لەو کێڵگانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێن، لەدوای ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:

١) گۆڕانکاری لە بڕی نەوتی هاوردەکراو لەڕێی بۆرییەکان لەو ماوەیەدا؛

٢) بەفیڕۆچووەکان و جیاوازییەکان لە کاتی گواستنەوە لەڕێی بۆریی و تانکەردا ڕوودەدەن بە هۆی چاککردنەوەکان، جیاوازییەکان لە ئەنجامی ئامێرەکانی پێوانەکردن، بەهەڵمبوون لە کاتی گواستنەوەی کۆندەینسەیت بە تانکەر، ...تاد؛ و

٣) جیاوازی کات لە نێوان داخلکراوەکانی بۆرییەکان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوور و تەرخانکراویی نەوتی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە وێستگەی هەناردەکردن.

**تێبینی ٥**

کۆی گشتی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە بریتییە لە ٣٧,٥٧١,٤٣٠ بەرمیل، لەکاتێکدا سافی بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو لەڕێی بۆرییەوە بریتییە لە ٣٧,٤٠٨,٠٠٥ بەرمیل. هۆکاری جیاوازی نێوان کۆی گشتی هەناردەکردن و بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو دەگەڕێتەوە بۆ لابردنی خەوشەکان، وەك ئاو.

**تێبینی ٦**

سافی ژمارەی بەرمیلی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە لەگەڵ تێکڕای نرخی یەك بەرمیلی نەوتی فرۆشراو لە یەك مانگدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

| چارەکی دووەمی ٢٠٢٠ | حوزەیرانی ٢٠٢٠ | ئایاری ٢٠٢٠ | نیسانی ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|
| ٣٧,٤٠٨,٠٠٥ بەرمیل | ١٢,٥٢٤,٤٦٠ بەرمیل | ١٢,٤٦٨,١٣٣ بەرمیل | ١٢,٤١٥,٤١٢ بەرمیل |
| ١٥.٧٨١ دۆلار/ بەرمیل | ٢٨.٠٩٢ دۆلار/ بەرمیل | ١٣.٩٩٣ دۆلار/ بەرمیل | ٥.١٥٩ دۆلار/ بەرمیل |

**تێبینی ٧**

جگە لە بڕی پارەی دراوی پێشەکی دوورخایەن، سافی گۆڕانکاریی لە ڕەسیدی حساباتی کڕیار لە ماوەی ئاماژەپێدراودا کورتهێنانی بڕی ٢١,٤٠١,١٩٦ دۆلاری ئەمریکی تۆمارکردووە. کۆی ڕەسیدی قەرزاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی کڕیارەکان لە کۆتایی ماوەکەدا دەکاتە ٤,٣٣٣,٧٤٤,٧٠٥ دۆلاری ئەمریکی. بەشێك لەم ڕەسیدە بریتییە لەو بڕە پارانەی پێشەکی بە یۆرۆ دراون کە دەبێت بە یۆرۆ بدرێتەوە بە نرخی ئاڵوگۆڕی دراو لە کاتی پاکتاوکردندا، بەمەش بڕی دانەوەی پارەی کۆتایی لەوانەیە جیاواز بێت لەگەڵ ڕەسیدی ماوەی ئێستای ئاماژەپێدراو لەم تێبینییەیە. داواکاری کڕیارەکان کە چاوەڕوانی ڕەزامەندیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکەن لەم ڕەسیدەدا شوێنی ناکرێتەوە.

**تێبینی ٨**

لەم ماوەیەدا، بڕی ٤١٥,٠٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی وەك پارەی دراوی پێشەکی دوورخایەن وەرگیراوە بەرامبەر بە کڕینی نەوتی خاو لە داهاتوودا. ئەم قەرزانە شیاوی دانەوەن، چ بە کاش یان لە ڕێگەی قەرەبوو بەرامبەر بە پارەدانی شیاوی ڕادەستکردنی نەوتی خاو، لەبەرئەوە بە شێوەی جیاکراوە لە سافی گۆڕانکاریی لە ڕەسیدی حساباتی کڕیاری ئاماژەپێدراو لە تێبینیی ژمارە ٧ی سەرەوەدا دیاریکراوە.

**تێبینی ٩**

سوود و ڕسووماتەکانی دیکە کە بەهاکەی ١١,١٤٩,٥٢٢ دۆلاری ئەمریکییە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

١) ٧,٩٨٩,٨٧٩ دۆلاری ئەمریکی بۆ خەرجییەکانی شەحنکردن و داواکانی تایبەت بە کارگۆی خەوشەکان؛

٢) ١,٩٦٣,٤٠٨ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە خزمەتەکانی پشتگیریکردنی لۆجستی بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان؛

٣) ٧١٨,٦٧٢ دۆلاری ئەمریکی بۆ شەحنکردنەکانی پێشووی نەوتی خاوی بێ مواسەفات کە لە ماوەی چارەکی دووەمی ٢٠٢٠دا ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە؛

٤) ٣٢٦,٢٧٧ دۆلاری ئەمریکی وەک قەرەبووی دواکەوتن لە ماوەی شەحنکردنی ئێستا؛ و

٥) ١٥١,٢٨٦ دۆلاری ئەمریکی وەک قەرەبووی دواکەوتن بۆ شەحنکردنەکانی پێشوو کە لە ماوەی چارەکی دووەمی ٢٠٢٠دا ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە.

**تێبینی ١٠**

لە کۆتایی چارەکی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠، ڕەسیدی دراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە ٢٩٤,٣٣٨,٢٣٢ دۆلاری ئەمریکی لە حیسابێکی بانکی لە لبنان گلدراوەتەوە. تاکو ئێستا بانکەکان لە لبنان بەردەوامن لە سەپاندنی کۆتوبەند لەسەر جموجۆڵی دراوی بیانی بۆ دەرەوەی وڵات.



کوردی

## ڕاپۆرتی دیلۆیت چارەگی ٣ی ساڵی ٢٠٢٠

**Deloitte.**

**KURDISH TRANSLATION**

**وەرگێرانی کوردی**

١٠ ی کانونی دووه می ٢٠٢١

ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان-عێراق

**وردبینیی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ی تەمموزی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠**

١.١ ئێمە لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە دەستنیشانکراین بۆ ئەنجامدانی وردبینی لە خشتەی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و هەروەها بۆ ساڵەکانی پێشووتری ٢٠١٤ تا ٢٠١٩.

٢.١ ئێمە وردبینیمان تەواوکرد بۆ خشتەی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت لە ماوەی ١ی تەمموزی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠ (چارەکی سێیەمی ٢٠٢٠)، بەپێی خشتەی (١) کە هاوپێچی ئەم ڕاپۆرتە کراوە. پێشتر وردبینیمان تەواوکرد بۆ خشتەی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت لە ماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠١٧ تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠، و ڕاپۆرتیشمان دەربارەی پێشکەش کرد.

٣.١ ڕێکارەکانی ئێمە بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێکهاتبوون لە وردبینیکردنی هەناردەکردن و تۆماری فرۆشتنەکان، ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی پێویست، وردبینیکردنی تۆمارەکانی پێوانەی بەرهەمهێنان، داواکردنی زانیاری لە کۆمپانیاکانی نەوت، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری دیکەی پێویست.

٤.١ ئەمانەی خوارەوە ئەنجامەکانی وردبینییەکەی ئێمەن:

١.٤.١ بۆ هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت -هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدینەکرد لە زانیارییەکانی هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت لە ماوەی نێوان ١ی تەمموزی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠.

٢.٤.١ بۆ فرۆشتنی نەوت -هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدینەکرد لە زانیارییەکانی فرۆشتنی نەوت و کۆی بڕی پارەی وەرگیراوی مانگانە لە ماوەی نێوان ١ی تەمموزی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠.

٥.١ ئەم ڕاپۆرتە سنووردارە بۆ زانیارییەکانی ناو خشتەی (١) و هیچ زانیارییەکی دیکە ناگرێتەوە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراون یان بڵاوکراونەتەوە. بەرهەمهێنان لە کێڵگە جیاوازەکان، بابەتن بۆ ڕێکاری تری وردبینی و پشتڕاستکردنەوە، ئەو پرۆسەیەش ئێستا بەردەوامە.

٦.١ تەکنیکی وەرگرتنی نموونە (سامپڵ) و تەکنیکی دیکەمان بەکارهێناوە، تا ئەو جێگەیەی بە پێویستمان زانی بێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی خشتەی (١). وردبینی ئێمە و دروستی و تەواوی زانیارییەکان پشت دەبەستێت بە بەڵگەنامەی پێشکەشکراو لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە (بەرهەمهێنەرانی نەوت، پاڵاوگەکان، بازرگانانی فرۆشی نەوت، بەکارخەری بۆری نەوت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لەسەر بنەمای دروستی و تەواویی زانیارییەکان.

٧.١ ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکراوە بۆ ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و (دیلۆیت) بەرپرسیار نییە لە بۆچوون یان خستنەڕووی هەر نادروستیی، کەموکوڕی یان هەڵەیەک لە زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا لە بەرامبەر هەر لایەنێکی سێیەم، و (دیلۆیت) بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، و هیچ لایەنێک، جگە لە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، مافی پشتبەستنی بەم ڕاپۆرتە نییە، بۆ هەر مەبەستێک بێت.

٨.١ ئەم ڕاپۆرتە و خشتەی (١) بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر هەر دژیەکییەک هەبوو لەنێوان دۆکۆمێنتەکان بە زمانە جیاوازەکان، دەقە ئینگلیزییەکە یەکلاکەرەوەیە.

دڵسۆزتان

Robert O'Hanlon
Deloitte & Touche (M.E.)

Neil Hargreaves
Deloitte Professional Services (DIFC) Limited

# خشتەی ژمارە ١

## بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

**١ی تەمموزی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠**

| هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری، بڕوانە (تێبینی ٢) و (تێبینی ٣) | ٣٩,٤٢١,١٠٣ | بەرمیل |
| ڕادەستکردنی نەوتی خاو بۆ پاڵاوتن لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، سافیی نەوتی قورس (تێبینی ٢) | ٢,٣٨١,٩٧٤ | بەرمیل |
| **کۆی هەناردەکردن و بەکاربردن (تێبینی ٤)** | **٤١,٨٠٣,٠٧٧** | **بەرمیل** |

| شیکاری فرۆشتنی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران (واتە سافی بڕەکە پاش گواستنەوەکانی تۆمارکراو لەسەر نەوتی خەزنکراو لە کۆگاکاندا و لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٥) | ٣٩,٢٦٥,٧٧٩ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ١,٢٤٣,٥٢٦,٥٧١ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی بەدەستهاتوو بۆ یەك بەرمیل نەوتی فرۆشراو، بڕوانە (تێبینی ٦) | ٣١.٦٦٩ | بەرمیل/ $ |

| ڕێڕەوی دارایی (التدفق المالي) | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| **کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو (هەناردەکراو لەڕێی بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ)** | **١,٢٤٣,٥٢٦,٥٧١** | **دۆلاری ئەمریکی** |
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان، بڕوانە (تێبینی ٧) | (٢٦,٢٥٥,٣٠٠) | دۆلاری ئەمریکی |
| ڕسووماتی سوود | (٣,٢٩٩,٥٣٣) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان | (٤٢١,٤٩٥,٠٠٩) | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) | (٤٧,٧١٥,٧١٧) | دۆلاری ئەمریکی |
| بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان (KPC) بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان | (١٩١,٢٧٣,٢١٢) | دۆلاری ئەمریکی |
| **سافی داهاتی وەرگیراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی فرۆشتنی نەوت و چالاکییە پەیوەندیدارەکاندا** | **٥٥٣,٤٨٧,٨٠٠** | **دۆلاری ئەمریکی** |

کوردی

Kurdistan Regional Government of Iraq 7

کوردی

# تێبینییەکانی خشتەی ژمارە ١

## بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

### ١ی تەمموزی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠

**تێبینی ١**

هەموو ژمارەکانی خشتەی (١) لە ماوەی نێوان ١ی تەمموزی ٢٠٢٠ تا ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠ بۆ زانیارییەکانی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت، لەسەر بنەمای ئەو تۆمارانەن کە لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون. هەروەها بۆریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاردێت بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاوی کۆمپانیای نەوتی باکوور (NOC) لەو ماوەیەدا. خشتەی (١) ئەم نەوتەی لەخۆنەگرتووە.

**تێبینی ٢**

نەوتی خاوی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە لە ناویشیدا بڕی ١٢,٩٦١ بەرمیل لە نەوتی قورسی پاڵێوراو سەرەڕای بەکاربردنی ناوخۆیی لە ماوەی دیاریکراودا.

**تێبینی ٣**

| | | |
|---|---|---|
| کۆی نەوتی خاوی گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە | ٣٩,٣٧٢,٢٦٤ | بەرمیل |
| زیادبوون (کەمبوونەوە) لە کۆگاکان لە تێرمیناڵی نەوتدا | ٤٨,٨٣٩ | بەرمیل |
| **نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری** | **٣٩,٤٢١,١٠٣** | **بەرمیل** |

**تێبینی ٤**

سەرجەم نەوتی هەناردەکراو و بەکاربراوی نەوتی بەرهەمهێنراو دەردەخەن لەو کێڵگانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێن، لەدوای ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:

١) گۆڕانکاری لە بڕی نەوتی هاوردەکراو لەڕێی بۆرییەکان لەو ماوەیەدا؛

٢) بەفیڕۆچووەکان و جیاوازییەکان لە کاتی گواستنەوە لەڕێی بۆریی و تانکەردا ڕوودەدەن بە هۆی چاککردنەوەکان، جیاوازییەکان لە ئەنجامی ئامێرەکانی پێوانەکردن، بەهەڵمبوون لە کاتی گواستنەوەی کۆندەنسەیت بە تانکەر، ...تاد؛ و

٣) جیاوازی کات لە نێوان داخلکراوەکانی بۆرییەکان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوور و تەرخانکراویی نەوتی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە وێستگەی هەناردەکردن.

**تێبینی ٥**

کۆی گشتی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە بریتییە لە ٣٩,٣٧٢,٢٦٤ بەرمیل، لەکاتێکدا سافی بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو لەڕێی بۆرییەوە بریتییە لە ٣٩,٢٦٥,٧٧٩ بەرمیل. هۆکاری جیاوازی نێوان کۆی گشتی هەناردەکردن و بڕی هەناردەکراوی فرۆشراو دەگەڕێتەوە بۆ لابردنی خەوشەکان، وەك ئاو.

**تێبینی ٦**

سافی ژمارەی بەرمیلی هەناردەکراو لەڕێی بۆرییەوە لەگەڵ تێکڕای نرخی یەك بەرمیلی نەوتی فرۆشراو لە یەك مانگدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

| چارەکی سێیەمی ٢٠٢٠ | ئەیلولی ٢٠٢٠ | ئابی ٢٠٢٠ | تەمموزی ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|
| ٣٩,٢٦٥,٧٧٩ بەرمیل | ١٣,٠٥٥,٤٩٤ بەرمیل | ١٢,٩٧١,٦٢٤ بەرمیل | ١٣,٢٣٨,٦٦١ بەرمیل |
| ٣١.٦٦٩ دۆلار/ بەرمیل | ٢٩.٠٧٦ دۆلار/ بەرمیل | ٣٣.٢٦٧ دۆلار/ بەرمیل | ٣٢.٦٦٢ دۆلار/ بەرمیل |

**تێبینی ٧**

جگە لە بڕی پارەی دراوی پێشەکی دوورخایەن، سافی گۆڕانکاریی لە ڕەسیدی حساباتی کڕیار لە ماوەی ئاماژەپێدراودا کورتهێنانی بڕی ٢٦,٢٥٥,٣٠٠ دۆلاری ئەمریکی تۆمارکردووە. کۆی ڕەسیدی قەرزاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی کڕیارەکان لە کۆتایی ماوەکەدا دەکاتە ٤,٣٠٧,٤٨٩,٤٠٥ دۆلاری ئەمریکی. بەشێك لەم ڕەسیدە بریتییە لە ئەو بڕە پارانەی پێشەکی بە یۆرۆ دراون کە دەبێت بە یۆرۆ بدرێتەوە بە نرخی ئاڵوگۆڕی دراو لە کاتی پاکتاوکردندا، بەمەش بڕی دانەوەی پارەی کۆتایی لەوانەیە جیاواز بێت لەگەڵ ڕەسیدی ماوەی ئێستای ئاماژەپێدراو لەم تێبینییەیە. داواکاری کڕیارەکان کە چاوەڕوانی ڕەزامەندیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکەن لەم ڕەسیدەدا شوێنی ناکرێتەوە.

**تێبینی ٨**

لە کۆتایی چارەکی سێیەمی ساڵی ٢٠٢٠، ڕەسیدی دراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە ٢٩٤,٣٣٨,٢٣٢ دۆلاری ئەمریکی لە حیسابێکی بانکی لە لبنان گلدراوەتەوە. تاکو ئێستا بانکەکان لە لبنان بەردەوامن لە سەپاندنی کۆتوبەند لەسەر جموجۆڵی دراوی بیانی بۆ دەرەوەی وڵات.

STOP

Organization for Monitoring and development

ROONBEEN

for Petroleum Transparency